دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـــانی کۆمیتەی نـــاوەنـــدیی حیزبی دێمـــوکراتی کوردستــــــــانی ئێـــــران

ژمارە ٦٠٩، دووشەممە، ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٢، ٢٢ی ژوویيەی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com



ئێمە لە سیاسەتدا دەبێ...

٤



گۆڕانکارییەکانی میسر و وشیاریی...

٨



١٨ی پوشپەڕ لاپەڕەیەکی دیکە...

٩



دوکتور قاسملوو واقیێگەرای راستەقینە...

١٠



یادی شەهیدی سەرکردە کاک سەید...

١١

٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، وەبیرهێنەرەوەی یەکێك لە تاڵترین رۆژە مێژووییەکان بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەم کارەساتە کاتێ زیاتر مرۆڤە ئازادیخوازەکان ئازار دەدات کە ئێستاش پاش ٢٤ ساڵ، تاوانبارانی ئەم جینایەتە بە شێوەیەکی فەرمی لە هیچ دادگایەکدا بە بیروڕای گشتیی جیهان نەناسێنراون. بۆیە هیواداریـن کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازەکان لە پێناو ناساندنی لایەنەکانی ئەم تیرۆرە دژەمرۆییەدا هەنگاو هەڵ بگرن و لە کردەوەیەکی مرۆڤدۆستانەدا، بڕیاردەران و بکەرانی ئەم جینایەتە سامناکەی سەدەی بیستەم دژ بە نەتەوەی کورد ریسوا بکەن و لە دادگایەکی بێ لایەنی نێونەتەوەییدا تاوانباران بە سزای جینایەتەکەیان بگەیەنن.

## پـــەیـــڤ

ناهید حسێنی

### تیرۆریزمی دەوڵەتی

دیاردەی تیرۆریزم بە بێ ئەوەی رەوایی یاسایی هەبێت خۆی لە گرتن، ئەشکەنجەکردن، رفاندن، حەزفی فیزیکیی و زۆر شێوازی نەشازی دیکەدا دەبینێتەوە و کاتێك دەبێتە سیاسەتی گشتی لە لایەن رێژیمێکەوە و لە دژی شارۆمەندانی خودی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەچێت پێناسەی تیرۆریزمی دەوڵەتی وەردەگرێت. نموونەی هەرە بەرچاویشی تیرۆری رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بەتایبەتی دوو رێبەری مەزنی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر و دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هەروەها دەیان کادر و پێشمەرگەی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتە ناڕەواکەی، هەموو بەها ئەخلاقی، مرۆیی، سیاسی و یاساییەکان پێشێل دەکات و هەموو چەشنەکانی توندوتیژی دەکاتە ئامرازی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوندییە نامرۆییەکانی، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە لەنێوبردنی کەسایەتییەك یان رێبەری بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، ورەی نەتەوەیی خەڵك دانابەزێنێت و تیرۆر و توندوتیژیش گەرەنتیی مانەوەی هیچ دەسەڵاتێك نەبووە و نابێ.

بێبەشکردنی نەتەوەکانی پێکهێنەری وڵاتی ئێران لە مافە شارۆمەندی و نەتەوەییەکانیان جۆرێکی دیکە لە تیرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە خانەی تیرۆری شوناسی نەتەوەییدا خۆی دەبینێتەوە و دەرئەنجامەکەی ئەو هەڵاواردنە نەهادینە کراوەیە کە بۆتە رێگر لە پێگەیشتن و گەشەکردن و بەشداریی چالاکانەی نەتەوەکانی پێکهێنەری وڵاتی ئێران لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتەکەیاندا و جێگربوونیان لە پێگەی شارۆمەندیی دەرەجە دووودا و دیکەی چەشنەکانی چەوساندنەوە و هەڵاواردن.

ئەوەی بۆ ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرینگە ئەوەیە کە حیزبەکەمان هەرگیز لە خانەی تیرۆر و تیرۆریزمدا جێی نەگرتۆتەوە و ئەوەش خۆشەویستی و متمانە پێکراویی حیزبەکەمانی چەند قات کردۆتەوە و رەوایی خەباتەکەمانی سەلماندووە.

تەنیا چەند رۆژ بەسەر بیست و چوارەمین ساڵیادی تیرۆری رێبەری نەمرمان، شەهید دوکتور قاسملوودا تێپەڕیوە، دوکتۆر قاسملوو سەرەڕای ئاگاداربوونی لە ناپاکیی رێژیم، ویستی بە دەستپێکردنی دیالۆگی راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران، دەرفەتێکی نوێ بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان بڕەخسێنێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو دڵپاکییەی رێبەری کوردی بە دڵناپاکیی خۆی وەڵام دایەوە.

ئەمڕۆ لە ٢٤ەمین ساڵی تیرۆری رێبەری هەمیشە زیندوو دوکتور قاسملووی مەزندا، ئەو و ناوە گەورەکەی لە دڵی میلیۆنان کورد و ئازادیخوازانی ناوچەدا دەژی و کۆماری ئیسلامیش ناوزڕاوتر لە جاران بە ترس و دڵەڕاوکێ هەمیشەییەکەیەوە چاوەڕوانی بڕیاری مێژوو لەسەر چارەنووسی رەشیەتی.

# رێبازی قاسملوو مانا بە ژیان دەبەخشێت

کوردستان لە بیست و چوارەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا، یاد و بیرەوەرییەکانی ئەم رێبەرە مەزنەی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردی بەرز راگرت. بەم بۆنەیەوە، سەر لە بەیانیی رۆژی چوارشەممە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش رێوڕەسمێك بە ئامادەبوونی ئەندامانی رێبەریی حیزب، پێشمەرگەکان و ئەندامان و بنەماڵەکانیان و میوانانی بەشدار بەڕێوەچوو.

ئەم رێوڕەسمە بە پێشکەش کردنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان فیلمێکی دیکۆمێنتاری لە ژێر ناوی "روانگەی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی کورد" بۆ بەشداربووان لەم رێوڕەسمەدا پیشان درا.

لە درێژەدا، کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە نوێنەرایەتی لە دەفتەری سیاسی، لێدوانێکی پێشکەش کرد.

بەڕێز پەرویزی لە قسەکانی خۆیدا وتی: " ژیانی دوکتور قاسملوو پڕ بوو لە هەوراز و نشێو، بەڵام سەرەڕای ئەمانە دوکتور قاسملوو بەردەوام لەسەر هەندێك ئوسوولی بنەڕەتیی وەك ئازادی جەختی دەکردەوە و هیچ کۆسپێك نەیتوانی ئەم بابەتە کەمڕەنگ بکاتەوە."





بەڕێز کەریم پەرویزی لە قسەکانی خۆیدا هەروەها یاد و بیرەوەریی "عەبدوڵڵا قادری ئازەر" ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کە لەگەڵ دوکتور قاسملوودا شەهید بوو، بەرز راگرت و هەروەها چەند وتەیەکیشی لەمەڕ شەهید "سەید سەلام عەزیزی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە هاوڕێیانی نزیکی دوکتور قاسملو کە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوییدا بە هۆی نەخۆشی، ماڵئاوایی لە ژیان کرد، پێشکەش کرد.

کەریم پەرویزی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "دوکتور قاسملوو بۆ دابین کردنی مافە رەواکانی نەتەوەی کورد هەوڵی دا و تێکۆشا کە دۆستان و هاوڕێیانی لەگەڵ بنەما پێشکەوتووەکانی سەدەی هاوچەرخ ئاشنا بکات و ئەوان بە شێوەیەك پەروەردە بکا کە تا دوادڵۆپی خوێنیان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان شێلگیر و بەردەوام بن".

هەر لەم پێوەندییەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، خوێندکاران و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن "حیسام ئەحمەدی"یەوە خوێندرایەوە.

## وەزیری دەرەوەی ئامریکا:

# وتووێژی نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان دەست پێدەکاتەوە

جان کێری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا رۆژی شەممە رایگەیاند، فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان بۆ دەسپێکردنەوەی وتووێژەکان لەگەڵ یەك رێککەوتوون.

بەپێی هەواڵی ئەلعەرەبیە، کێری پێش لە گەڕانەوەی بۆ ئامریکا لە فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی ئەمان پێتەختی ئۆردۆن رایگەیاند کە دوو لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلی حەتووی داهاتوو لە واشینگتۆن وتووێژەکانی ئاشتی دەست پێدەکەنەوە.

بە پێی ئەم راپۆرتە، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا پێش لە راگەیاندنی ئەم هەواڵە لەگەڵ مەحموود عەبباس سەرۆکی حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین لە رامۆڵڵا چاوپێکەوتن و وتووێژی کردووە.

بە وتەی کێری، سائێب عەریقات بە نوێنەرایەتی لە فەلەستینییەکان و تسیپی لیڤنی لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە حەوتووی داهاتوو بۆ وتووێژ لە واشینگتۆن ئامادە دەبن.

کاربەدەستانی فەلەستینی پێش لەمە خوازیاری گارانتی بە نووسراوە لە لایەن ئیسرائیلەوە لەهەمبەر پابەندیی ئەم وڵاتە بە سنوورەکانی ساڵی ١٩٦٧ لە نێوان دوو لایەندا بوون.

بە پێی ئەم راپۆرتە، کێری داوای لە بنیامین نتانیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل کردووە تەواوی دیلە فەلەستینییەکان لە زیندانەکانی ئەم وڵاتە ئازاد بکات، بەڵام نتانیاهۆ وتوویەتی تا پێش لە دەسپێکی وتووێژەکان ناتوانێ وەها کارێك بکات.

هەر لەم حاڵەدا ئەلعەرەبیە لە زاری سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە رایگەیاند کە کاربەدەستانی ئیسرائیلی لەسەر ئازادیی قۆناغ بە قۆناغ دیلە فەلەستینییەکان لە مانگەکانی داهاتوودا رەزامەندییان دەربڕیوە.

## سەرۆکی هاوپەیمانیی نەتەوەیی دژبەرانی سووریە:

# ئەجێندای ژینێڤی ٢مان قەبووڵ نیە

ئەحمەد جۆربا، سەرۆکی هاوپەیمانیی دژبەرانی سووری رۆژی شەممە ٢٠ی ژوویيە وتی کە ئەجێندای دانیشتنی ژینێڤی ٢، ئایەتی کتێبی ئاسمانی نین کە بڕوای پێی بێت.

سەرۆکی هاوپەیمانیی دژبەرانی سووری رایگەیاند: "رێژیمی بەشار ئەسەد لە کۆتایی یەکەمین ساڵی راپەڕینی خەڵکی سووریە بە سەرکوت و کوشتار دەرفەتەکانی دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی سیاسی و دیپلۆماتیکی لە نێو برد، بە بڕوای من ئێستا دەبێ تەوەری سەرەکیی وتووێژەکان لەسەر ئامادەکردنی دەرەتانەکان، پێکهێنانی هەلومەرجی بەرەنگاری، دابین کردنی چەك و چۆڵ، خۆراك و دەوا ودەرمان بۆ دژبەرانی سووری، چڕ بێتەوە."

جۆربا بە هێما کردن بۆ روونیی هەڵوێستەکانی خۆی، وتی: "بەو وڵاتانەی کە لە یارمەتیدان بە شۆڕشی سووریە کارشکێنی و کەمکاری دەکەن، دەبێ بڵێم لە ئێستادا دابینکردنی چەك و چۆڵی پێشکەوتوو بۆ دژبەران زیاتر لە هەر شتێکی دیکە گرینگیی هەیە."

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەرتەشی ئازادی سووریە رۆژی شەممە پاش تێکهەڵچوونێکی قورس لەگەڵ هێزەکانی بەشار ئەسەد توانی بنکەی فەرماندەیی ئەم هێزانە لە ناوچەی "خانۆلعەسەل" هەڵکەوتوو لە دەورووبەری حەلەب تێك بشکێنێ و دەستی بەسەردا بگرێت.

گەڵاڵەی بەڕێوەچوونی کونفڕانسی ٢ی ژێنێڤ بە پێشنیاری مۆسکۆ و واشینگتۆن هاتوەتە ئاراوە کە تا ئێستا سەرەڕای ئامادەیی دەمیشق بۆ بەشداری لەم کونفڕانسە، دژبەران پێشمەرجی گۆڕینی هاوسەنگیی هێزیان لە بواری سەربازییەوە خستوەتە بەر باس.

## بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی لە کوردستان بە بۆنەی ٢٤ەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی

ئەمساڵیش، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەروبەندی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەر بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بۆ بەرز راگرتنی یاد و بیرەوەری و خەباتی پڕ لەشانازیی ئەو شەهیدانە و هەروەها بۆ مەحکووم کردنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان و تێکۆشەرانی وەفادار بە ڕێبازی دوکتور قاسملوو، بە بەڕێوەبردنی کار و چالاکیی تەبلیغی تایبەت بەو بۆنەیە (نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە و بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تەبلیغی، لەبەر کردنی جلوبەرگی کوردی، کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان بۆ ماوەی ٣ خولەك لەشەوی ٢٢ی پووشپەڕ و هەروەها سەرلەنوێ دەست نیشان کردنەوەی ئەو مەیدان و شەقامانەی کە پێشتر بەناوی د. قاسملوو ناودێر کراون) جارێکی دیکە ڕێز و وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی قاسملووی ڕێبەر دووپات کردەوە و پیشانیان دا کە دوکتور قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. بە هۆی زوربوونی شار و گوند وناوچەکان لیرەدا تەنیا ئەماژە بە ناوی شارەکان دەکەین. خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستان دەتوانن بۆ ئاگاداریی زیاتر سەردانی سایتی "کوردستان میدیا" بەکەن.

تاران، ئیلام، کرماشان، سەحنە، کەنگاوەر، قوچان، کرند غەرب (داڵاهۆ)، سەرپێڵ زەهاو، شائاباد، سەلاسی باوەجانی، قەسرشیرین، سنە، پاوە،کامیاران، مەریوان، دیواندەرە، سەقز، بانە، بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، رەبەت، پیرانشار، نەغەدە، شنۆ، ورمی، سەڵماس ، ماکۆ، قوچان، تیکاب، سایین قەڵا، هەوشار.

## سەردانی دوو ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات



ڕێکەوتی ١٦ی پووشپەڕ، دوو ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان و گرووپی "دۆق شارتێر" سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد. ئەو دوو ڕێکخراوەیە لەلایەن محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە پێشوازییان لێکرا. لەم دیدارەدا باسێك لەسەر کار و چالاکی ئەو ڕێکخراوانە و چۆنیەتیی هاوکاری کردنیان لەگەڵ منداڵانی حیزبی دێموکرات کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنەدا پاش ئاڵوگۆڕی بیرورِا و ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی شێوازی هاوکاری کردنیان لەگەڵ ناوەندی نێرگز و کۆمەڵێك داخوازیی ئەو ناوەندەوە کە لەلایەن فاتیح ساڵحی بەرپرسی ناوەندی نێرگز بۆ پەروەردەی فیکریی منداڵان و مێرمنداڵای کوردستانی ئێران باس کرا، شێواز و شوێنی پێکەوە هاوکاری کردنیشیان دیاری کرا.

## سمینارێکی زانستی لەمەڕ کەسایەتیی شەهید دکتور قاسملوو، لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩ی پووشپەڕ لە زانکۆی کۆیە سمینارێك لەژێر ناوی "دکتور قاسملوو، سوسیالیزمی دێموکراتیك، ڕێبەری" بە کۆڕگێڕیی ٤ کەسایەتیی ئەکادمیك و لێکۆڵەر بەڕێوەچوو. سمینارەکە بە ساتێك بێدەنگی بۆ شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان بەتایبەت شەهید دکتور قاسملوو دەستی پێکرد.

پانێلی یەکەم بە بەشداریی کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیسام دەستپیش، مامۆستای زانکۆ کرایەوە.

لە پانێلی دووەمدا بەڕێز پەرویز رەحیم قادر بابەتی "قاسملوو لە ئەندێشەی سیاسی"دا و بەڕێز سۆران سەلیمی، رۆژنامەوان بابەتی "خەباتی چەکداری لە روانگەی قاسملوو"یان پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکە سیمینارەکەدا خەڵاتی قاسملوو لەلایەن یەکیەتی خوێندکارانەوە پێشکەش بە بەڕێزان خدر سەداقەت، محەممەدخان موساعیدی، فەتحوڵڵا خۆبایی و محەممەد ناسری، پێشمەرگەی دێرین و ڕێبوارانی ڕێگای دکتور قاسملوو کرا.




## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٤ەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات

کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات، لە ٢٤ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە پێکهێنانی سمینار و ڕێپێوان، بە ئامادە بوونی حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییەکانی کوردی چوار پارچەی کوردستان، چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی، کەسایەتییەکان و روناکبیران و رۆژنامەنووسانی ئێرانی، کە لە وڵاتانی فینلاند، نۆروێژ، ئوتریش، لوبنان، کوردستانی سووریە، بریتانیا، فەرانسە، سوئید، رۆژئاوای کانادا و دانمارك بەڕێوە چووە و وێڕای مەحکووم کردنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، یاد و بیرەوەرییەکانی ڕێبەری ناوداری نەتەوەی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەرز راگرت. (خوێنەرانی بەڕێزی رۆژنامەی کوردستان بۆ زیاتر ئاگادار بوون لەو چالاکییانە، دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" بەکەن).

## سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە خەڵکی کوردستان

سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەندامان، لایەنگران و خەڵکی بەئەمەگ و مافخوازی کوردستان

ئەمساڵیش، وەك نەریتی ساڵانی رابردوو، لە سەروبەندی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەر بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بۆ بەرز راگرتنی یاد و بیرەوەری و خەباتی پڕ لەشانازیی ئەو شەهیدانە و هەروەها بۆ مەحکووم کردنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، خەڵکی بەئەمەگی کوردستان و تێکۆشەرانی وەفادار بە ڕێبازی شەهید قاسملوو، بە بەڕێوەبردنی کار و چالاکیی تەبلیغیی تایبەت بەو بۆنەیە( نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە و بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تەبلیغی، لەبەر کردنی جلوبەرگی کوردی، کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان بۆ ماوەی ٣ خولەك لەشەوی ٢٢ی پووشپەڕ و هەروەها سەرلە نوێ دەست نیشان کردنەوەی ئەو مەیدان و شەقامانەی کە پێشتر بەناوی د. قاسملووەوە ناودێر کراون) جارێکی دیکە ڕێز و وەفاداری خۆیان بە ڕێبازی قاسملووی ڕێبەر دووپات کردەوە و پیشانیان دا کە دوکتور قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. وێڕای پێزانین و دەست خۆشی لە ئەندامان و لایەنگران و خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکاری کوردستان، لەو پێوەندییەدا، هەست و بیری هاوخەباتی و هاوپێوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرز دەنرخێنین و ئومێدی بەردەوامی و درێژە پێدانی خەبات دەکەین بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی

## کتێبی "خولیا و مەرگی رەحمانی کورد" وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکی

کتێبی "خولیا و مەرگی رەحمانی کورد" کە باس لە ژیانی د. قاسملوو دەکات وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکی.

کتێبی خولیا و مەرگی رەحمانی کورد لەلایەن "کارۆل پرِۆن هۆبێر"، نووسەری وێنێزوئێلایەوە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە. هەنووکە لە لایەن خاتوو "دیلان بوجاك" نووسەر و وەرگێری تورکەوە وەرگێڕدراوەتە سەر ئەو زمانە. دەزگای ئەڤێستا ئەرکی چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێبی خولیا و مەرگی رەحمانی کوردی وەئەستۆ گرتووە.

کارۆل پرِۆن هۆبێر نووسەر و وەرگێر، بۆخۆی لەنزیکەوە لەگەڵ دکتور قاسملوو دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە و بۆ ماوەیەکیش لە قەندیل ماوەتەوە و لەنزیکەوە لەگەڵ ژیانی د. قاسملوو ئاشنا بووە. ئەو کتێبە پێشتریش لەزمانی ئینگلیزییەوە لەلایەن فەتاح کاویانەوە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی کوردی.

## ڕێوڕەسمی ساڵیادی شەهیدکرانی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕ، ڕێوڕەسمی ٢٤ەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بە ئامادە بوونی ئەندامانی ڕێبەری، پێشمەرگە و بنەماڵە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و هەروەها میوانانی بەشداربوو، بەڕێوەچوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

سەدیق دەروێشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات پەیامی ناوەندی ٣ی بەبۆنەی ساڵیادی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی پێشکەش کرد.دواتر سروودێك لەژێر ناوی "ژیانەوە" لەلایەن کۆرسی هونەری حیزبی دێموکراتەوە خوێندرایەوە و دوابەدوای ئەوەش پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

## ڕێوڕەسمی ساڵیادی شەهیدکرانی دکتور قاسملوو لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوە چوو

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕ بەئامادەبوونی پێشمەرگە و بنەماڵە و ژمارەیەك لە ئەندامانی کەمپی کاوە، ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ، بە خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ١ی کوردستان لەلایەن تاهیر کەسیلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ئەو ناوەندەوە پێشکەش کرا. هەروەها پەیامی هاوبەشی کۆمیتەکانی ژنان و لاوان لە ناوەندی ١ی کوردستان خوێندرایەوە. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین سروود لەلایەن کۆڕی هونەری حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش بە ئامادەبوان کرا.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## هاووڵاتییەکی کورد لە زیندانی ئەردەبیل لەسێدارە درا

رۆژی سێ‌شەممە رێکەوتی ١٨ی پووشپەڕ هەمزە سەبووری کوڕی کەریم و خەڵکی ئاوایی "دەزگر"ی ناوچەی دەشتەبێڵی ورمێ لە زیندانی ئەردەبیل لەسێدارە درا. هەمزە سەبووری ماوەی دوو ساڵ بوو کە لە زیندانی شاری ئەردەبیل بوو. تەرمی ئەو هاووڵاتییە رادەستی بنەماڵەکەی کراوەتەوە. لەسەرەتای مانگی پووشپەڕەوە هەتا ئێستا ٩ هاووڵاتیی کورد لە گرتووخانەکانی کرماشان، ورمێ و ئەردەبیل لەسێدارە دراون.

## ژنێکی ئەندامی شۆرای شاری بۆکان دەسبەسەر کرا

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٧ی پووشپەڕ شەهین بایەزیدپوور ئەندامی خولی دووهەمی شۆرای شاری بۆکان لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکانەوە دەسبەسەر کراوە.

شەهین بایەزیدپوور یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی کەم ئەندامانی شاری بۆکانە و لەو بوارەدا زۆر چالاك بووە.

## مامۆستایەکی دەسبەسەرکراوی کورد لە گرتووخانەی زاهیدان مانی لەخواردن گرت

هەواڵدەریی "هرانا" بڵاوی کردەوە، محەممەد ئەمین ئاگووشی تەمەن ٥٣ساڵ و خەڵکی شاری پیرانشار و زیندانیی سیاسیی کورد بە هۆی دژایەتیی دەزگا قەزاییەکانی رێژیمی ئێران لەگەڵ ئازاد کرانی "مەرجدار"ی ناوبراو، ماوەی نۆ رۆژە مانی لەخواردن گرتووە. سەرچاوەکە ئەوەشی خستە روو، ئەو مامۆستا کوردە بە هۆی چوونە سەری تەمەنی و مانگرتن لە خواردن، "گەدە"ی تووشی خوێنرێژی بووە. ئەو مامۆستایە ماوەیەك پێشتریش لە نامەیەکدا داوای لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ کردبوو کە "بە هانایەوە بچن". محەممەد ئەمین ئاگووشی مامۆستای خانەنشین کراوە و بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەسبەسەر و لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری "ورمێ"وە ١٠ ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ زیندانی شاری زاهیدانی بەسەردا سەپاوە.

## زەوت کرانی سەرچاوەی بژیوی بنەماڵەی چالاکێکی کورد لە کرماشان



بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا و بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، زەوی و زاری وەرزێریی بنەماڵەی چالاکێکی سیاسیی کورد بەناوی "ئەکبەر سەنجابی" خەڵکی گوندی "بانی یاران"ی شاری "قەسری شیرین"ی سەربە ئوستانی کرماشان لەلایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە داگیر کرا.

ئەو سەرچاوەیە راشیگەیاند، ئەکبەر سەنجابی کە ماوەی ١٠ ساڵ بوو بە تاوانی ئەندامەتی لە رێکخراوی موجاهدینی خەلق لە زیندانی دیزڵ ئابادی کرماشان راگیرابوو، ساڵی ١٣٩٠ بۆ یەکەمجار بە دانانی قەباڵەی زەوی وزاری مەزراکەی خۆیان کە بڕی ١٠٠ میلیۆن تمەن بوو، مەرەخەسی پێدراو دوابەدوای هاتنە مەرەخەسی بێسەروشوێن بوو کە ماوەی ٢ ساڵە هیچ هەواڵێك لە چارەنووسی ئەکبەر سەنجابی لەبەر دەستدا نییە.

ئەو هاووڵاتییە کوردە ساڵی ١٣٧٩ لە شاری کرماشان دەستبەسەر و بۆماوەی ٢ ساڵ لە ژوورە تاکەکەسییەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی کرماشاندا راگیرابوو، کە دواتر لەلایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە بە تاوانی ئەندامەتی لە رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران بە ئێعدام مەحکووم کرا و دواتر ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوەدا بۆ زیندانی هەتایی گۆڕدرا.

## زیندانییەکی سیاسیی کورد لە قوروە بۆ ژووری تاکەکەسی راگوێزرا

کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی بڵاوی کردەوە، حەیدەر رەشیدی ئەو هاووڵاتییە کوردەیە کە بە هۆی ئێعترازی بە بارووەدۆخی تەندرووستی و سکاڵا کردنی لە یەکێك لە لێپرسراوانی گرتووخانەی قوروە، بۆ زیندانی تاکەکەسی راگوێزراوە. حەیدەر رەشیدی ماوەی چوار ساڵ لەمەوبەر بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی ئێران بە شەش ساڵ زیندان حوکم درا. ئەو زیندانییە سیاسییە ماوەی ساڵێك لەمەوبەر بۆ ماوەی ١٩رۆژ مانی لەخواردن گرت و لێپرسراوانی زیندانیش رەوانەی ژووری تاکەکەسییان کردبوو.

## سێ مامۆستای زانکۆی ئازادی شاری مەهاباد لەو زانکۆیە دەرکران



بەپێی هەواڵی کوردستان میدیا، دوکتور مەنسوور سوهرابی، دوکتور وریا حەفیدی و دوکتور یوونس یەزدان پەرەست دوای چەندین ساڵ وانەوتنەوە لە زانکۆی ئازادی مەهاباد، لەو زانکۆیە دەرکران.

ئەو مامۆستایانە بە بەردەوامی گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکانیان لەسەر بووە و لەو پێوەندییەدا ماڵپەڕی خوێندکار بڵاوی کردەوە، ئەو سێ مامۆستایە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکان و حەراسەتی زانکۆوە بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەیان لێ کراوە.

ئەو مامۆستایانە لەکەسانی ناسراوی کۆنفرانسە زانستییەکانی زانکۆکانی کوردستان بوون.

هەتا بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەی هۆکاری دەرکرانی ئەو سێ مامۆستایە روون نەکراوەتەوە.

## رووخاندنی خانووبەرەی هاووڵاتییانی کورد لە شاری ورمێ




بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سەرلە بەیانی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٣٠ی پووشپەڕ، مەئموورانی شارەوانی و هێزەکانی ئینتزامی بە پشتیوانی چەند دەزگا "لۆدێر"، ژمارەیەك خانووبەرەی تازە دروستکراوی هاووڵاتیانیان لە گەڕەکی "شەهرەکی دانشگا" تێك رووخاند.

هەروەها رۆژی رابردوش هێزەکانی ئینتزامی و مەئموورانی شارەوانی خانووبەرەی هاووڵاتییەکی دیکەی ئەو گەڕەکەیان بەبیانووی "نەبوونی مۆڵەتی شارەوانی" تێك رووخاندبوو.

دەگوترێت هێزە ئینتزامییەکان ئەندامانی خێزانی ئەو بنەماڵانەیان بەزۆری لە ماڵەوە هێناوەتە دەرێ و پاشان بە پشتیوانیی چەند دەزگا لۆدێر ئەو خانووبەرانەیان تێك رووخاندووە.

بەوتەی یەکێك لە شایەتحاڵان ئەم هەڵسووکەوتەی هێزە ئینتزامییەکان و مەئموورانی شارەوانی، ناڕەزایەتیی دانیشتوانی ئەو گەڕەکەی لێکەوتەوە و لە ئەنجامدا گرژی لەنێوان هاووڵاتییانی کورد و ئەو هێزانەدا هاتە ئاراوە.

ئەو شایتحاڵە راشیگەیاند، دوابەدوای ئەو گرژییە چەندین کەس لە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە دەستبەسەر و دواتر بەدانانی بارمتە ئازاد کران.

## چوونەسەری نرخی ئەنسۆلین و نەبوونی توانای کڕینی ئەو دەرمانە لەلایەن هاووڵاتییانەوە

ماوەی کەمتر لە دوو مانگ لەمەوبەر نرخی یەك دەرزی ئەنسۆلین کە تایبەت بە نەخۆشیی "دیابت"ە، ٣٥٠٠ تمەن بووە و هەنووکە نرخی ئەو دەرزییە گەیشتۆتە ١٢هەزار تمەن. ئەو بەرزبوونەوەی نرخی ئەنسۆلینە وای کردووە کە نەخۆشەکانی پێوەندیدار، توانای کڕینی ئەو دەرمانەیان نەمێنێت و ئەگەریش بەکاری نەهێنێن ناتوانن درێژە بە ژیان بدەن. هەر نەخۆشێکی دیابێتی لەمانگدا پێویستە لانی کەم شەش دەرزی بۆ پێشگری لەپەرەسەندنی قەندەکەی بەکار بێنێت، بە واتایەکی دیکە پێویستە هەر مانگ نزیك بە سەد هەزار تمەن بۆ سەندنی ئەو دەرمانە تەرخان بکات. خەرج کردنی لە مانگدا سەد هەزار تمەن بۆ هاووڵاتییەکی بێ‌داهات و کەم داهات شتێکە کە ئیمکانی نیە و توانای کڕینی نامێنێت.

## کۆچی دوایی دایک و باوکی چەند شەهیدی رێگای رزگاری لە ناوچەکانی کوردستان

**سەردەشت:**

رێکەوتی ١٣ی پووشپەڕ حاجی عەبدوڵڵا حەیاکی ناسراو بە عەبدوڵڵای عەلی جۆڵا، خەڵکی گوندی "کانی بی" لە ناوچەی سەردەشت بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

کاك عەبدوڵڵا باوکی شەهیدی حیزبی دێموکرات "عومەر حەیاکی"یە کە لەریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ساڵی ١٣٦٢ شەهید بوو.

**دیواندەرە:**

عەلی مورادی ناسراو بە "عەلی رەعنا نەرگەسڵە" باوکی شەهید عەبدوڵڵا مورادی بە هۆی نەخۆشی لە شاری دیواندەرە کۆچی دوایی کرد. عەلی مورادی خەڵکی شاری دیواندەرە، یەکێك لە دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات بوو و ماڵەکەی جێگای حەوانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بووە. شەهید عەبدوڵڵا ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو و ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەسبەسەر کرا و لەزیندانی ناوەندیی سنە ئێعدام کرا.

**ژاوەرۆی سنە:**

دایکی شەهیدان ئیسماعیل ئەحمەدی و موراد منبەری لەناوچەی ژاوەرۆی سنە بە هۆی نەخۆشی کۆچی دواییان کرد.چەند رۆژ لەمەوبەر ئایشێ ئەحمەدی خەڵکی ئاوایی هۆیەی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.دایە ئایشێ دایکی شەهید ئیسماعیل ئەحمەدی (ئیسماعیل چاو شین) بوو.

لەلایەکی دیکەوە رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕ دایە شەریفە منبەری دایکی شەهید ئازاد منبەری لە گوندی نییەر بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.دایە شەریفە لە بنەماڵەیەکی شەهید پەروەر و نیشتمانپەروەردا دەژیا و دوو برای بە ناوەکانی شەهید عەلی نەقی و شەهید جەعفەر منبەری و٥ ئامۆزاو ٢ برازای لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا شەهید بوون. دایە شەریفە لەنێو خەڵکی ناوچەکە رێزێکی تایبەتی هەبوو و خەڵکی بەچاوی رێزەوە دەیڕوانییە ئەو ژنە تێکۆشەرە.

**هەڵەبجە:**

رۆژی سێ‌شەممە رێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕ لە ئەنجامی رووداوی هاتووچۆدا دوو کەس لە بنەماڵەیەکی حیزبی کە دانیشتووی هەڵەبجەی شەهید بوون گیانیان لەدەست داوە و سێ ئەندامی دیکەی ئەو بنەماڵەیەش بریندارن. منیرە مورادیان لەدایك بووی ساڵی ١٣٤٠ و لە ئاوایی تەنگیسەری شاری سنە چاوی بەدونیا هەڵێناوە و هاوکاتیش خوشکی شەهید بەختیار مورادیە هاوڕێ لەگەڵ کوڕەکەی بە ناوی هەڵگورد قوربانی تەمەن ١٧ ساڵ و ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران گیانیان لەدەست داوە. ئەو بنەماڵەیە بە بەردەوامی ئەرکە حیزبییەکانیان راپەڕاندووە و لەسنووری هەڵەبجە، ئەو کارانەی لەلایەن ئۆرگانەکانی حیزبییەوە پێیان ئەسپێردراوە بەباشی بەڕێوەیان بردووە. شاندێکی حیزبی دێموکرات لە پێوەندییەکانی سلێمانی لە پرسە و سەرەخۆشی و بەخاك سپاردنی ئەو دوو ئەندامەی حیزبدا بەشدار بوو.

## کۆچی دوایی دوو کەسایەتیی خۆشناوی کوردستان

**سەلاسی باوەجانی:**

مەجید خودامورادی کوڕی مەحموود خەڵکی ئاوایی "مەیانخۆ"ی سەلاس باوەجانی کەسایەتی خۆشناوی ئەو دەڤەرە بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. کاك مەجید کەسێکی خۆشناو و جێگای رێزی خەڵکی ناوچەی سەلاسی باوەجانی بوو و دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی وەك لایەنگرێکی جووڵانەوەی کورد و دڵسۆزێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خزمەتی بە ئامانجی حیزب و گەل کرد.

**پیرانشار:**

لەشارەدێی "پەسوێ"ی سەر بە پیرانشار پێشمەرگەیەکی پێشووی حیزبی دێموکرات بە ناوی "ئەبووبەکەر مەناف"، بە هۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد."ئەبووبەکەر مەناف"، لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، هاوکات لەگەڵ چوار برای دیکەی، بوون بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و چەکی پێشمەرگایەتییان لەشان کردبوو.

کاك ئەبووبەکر سەرەتا لە هێزی "ئەفشین" و دواتر لە هێزی شەهید ئاوارە و دواجار لە "لکی چواری شەهید سولەیمان حاجی عەوڵڵا" سازمان درا. ئەو تێکۆشەرە لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا، بە هۆی هەلومەرجی نالەباری بنەماڵەکەی، ناچار بووە کە ریزەکانی پێشمەرگە بەجێ بهێڵێ، بەڵام هەتا کۆتایی ژیانی بە بیروبڕوای سەردەمی پێشمەرگایەتی و خەبات بۆ رزگاری گەلەکەی پابەند بوو.

ئەبووبەکر مەناف، ئەندامی بنەماڵەیەکی خۆشناو و کوردپەروەری ناوچەی لاجان و برای شەهیدێکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی شەهید "رەسووڵ مەناف"بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لەبنەماڵەکانی حاجی عەبدوڵڵا، کاك مەجید و کاك ئەبووبکر مەناف، بنەماڵەی مورادیان، دایە شەریفە، دایە ئایشێ،عەلی مورادی، دەکات و خۆی بەشەریکی خەمیان دەزانێ.

# ئێمە لە سیاسەتدا دەبێ ئەخلاقمان هەبێت




کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی

**دەقی وتەکانی بەڕێز کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو**

**هاوڕێیانی هێژا، ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، بەخێربێن، لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی** کوردستانی ئێرانەوە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم

ئێمە لێرە کۆ بووینەتەوە کە یاد و بیرەوەرییەکانی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو بەرز رابگرین و جارێکی دیکە لەسەر ڕێبازە سەربەرزانە و پڕلە شانازییەکەی پێدابگرینەوە کە وەفادارین بەو ڕێبازە. دوکتور قاسملووی شەهید لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا، ٢٤ ساڵ لەمەوبەر لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوو، وتووێژێك کە قەرار بوو ڕێگاچارەیەك بۆ مافەکانی کورد بدۆزێتەوە، بەڵام نێردراوانی کۆماری ئیسلامی، دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی هاتبوون کە ئەگەر دوکتور قاسملوو تەسلیمی ئیرادەی ئەوان نەبوو شەهیدی بکەن و تیرۆری بکەن و هەروەکوو بەڵگەکان و دەقی وتووێژەکان نیشانیان داوە دوکتور قاسملووی شەهید تا ئاخرین لەحزە لەسەر مافەکانی گەلی کورد پێداگر بووە و بە هیچ رازی نەبووە کە مافەکانی کورد فەرامۆش بکات و لەسەر ئەو ئوسوول و پرەنسیپانەی کە خەباتی بۆ کردووە پێداگر بووە و گیانی خۆیشی لەسەر داناوە.

لەو ڕۆژەوە کە لە ١٣٢٤ی هەتاوی لە ورمێ لە دامەزراندنی لقی یەکیەتیی لاوان لە ورمێ دەست بە تێکۆشانی سیاسی دەکات، دوایی کە دەچێتە تاران و لە باشترین خوێندنگەکانی تاران دەخوێنێت و فێری زانست و فێربوون دەبێت دوایی دەڕواتە ئورووپا و لە باشترین زانستگاکان و ناوەندە فێرکارییەکانی ئورووپادا خەریکی خوێندن و فێربوون دەبێت تا دەگاتەوە نێو کۆڕی یاران و لە ساڵی ١٩٥٣ نیمچە ئازادیەك لە ئێراندا هەبوو لە سەردەمی موسەدیقدا دەگەڕێتەوە و خەبات دەکات، دوایی دەگیرێت و لە زیندان دەکرێت، دوایی ئاوارە دەبێت و دەڕواتە نێو ریزەکانی شۆڕشی ئاشکرا و دواییش تەبعیدێکی خودخاستە دەڕواتەوە بۆ ئورووپا و تا دەگەڕێتەوە هەموو ئەو قۆناخانەی تێدەپەڕێت لەسەر ئەو ئوسوول و پرەنسیپانەی کە باوەڕی پێی هەبووە کە بریتی بووە لە ئازادی گەلان، بریتی بووە لە ئازادی ئینسانەکان سوور بووە و بەردەوام خەباتی بۆ کردووە و دوایەش دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەنگەرەکانی خەباتدا لە سەختترین سەنگەرەکانی خەباتدا بووە، ڕێبەرێکی زانا و بلیمەت کە لە باشترین خوێندنگەکانی ئورووپادا خوێندوویەتی و باشترین شەرایت و ئیمکاناتی هەبوو کە لە شوێنە باشەکاندا بژیت و خۆی بگەیەنێت بە ئاستە بەرزەکان تاکوو بەرژەوەندیی و مەسڵەحەتی خۆی دابین بکات، بەڵام هەموو ئەوانە فڕێ دەدات و دەگەڕێتەوە نێو سەنگەرە قوڕاوییەکانی پێشمەرگە، لەگەڵ پێشمەرگەدا لەنێو خاکی کوردستاندا دژ بە زۆرداران و ستەمکاران خەبات دەکات و دواییش لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا هاوڕێ لەگەڵ هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتووێژ بەدەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیدا تیرۆر دەکرێت.

یەکێکی دیکە لەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو بووە ئینسانێکی ورە بەرز و زانا و بلیمەت بووە، بەڵام لەبەر گەورەیی دوکتور قاسملوو، زانایی و ورە بەرزی و شۆڕشگێڕی ئەو زۆر جار فەرامۆش دەکرێت، هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەرە، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئینسانێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و شۆڕشگێڕ و خەباتکار بوو کە لە سەنگەرەکانی خەباتدا پێگەیشتبوو و تا دوایین هەناسە لەگەڵ ڕێبەرە خۆشەویستەکەی بوو کە پێویستە لێرەشدا یادێك لەو بکەینەوە. کەسێکی دیکە کە لەو وتووێژ و دانووستانەدا حزووری هەبووە کوردێکی خەڵکی باشوور و دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها هاوکات ئاشنایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیشدا هەبووە و بە ئیسلاح نێوبژیوانی وتووێژەکە بووە بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی کە شوێن ون بکا بۆ ئەوەی کە ئاسارێك لە پیلانەکانی نەمێنێتەوە بە خەیاڵی خاوی خۆی بۆ ئەوەی کە جینایەتەکان، تاوانەکان پەردەپۆش بکات، ئەوەش کە تەنانەت هاتووچۆی ماڵەکەیان کردووە و لەگەڵی دۆست بوون تیرۆری دەکەن. فازڵ ڕەسووڵ کوردی باشووری کوردستان بووە کە نێوبژیوانی وتووێژەکە بووە لە سەر مێزی وتووێژەکە دیپلۆمات تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئەویش تیرۆر دەکەن. هەر لێرەدا پێویستە یادێك لە قوتابییەکی بە ئەمەگی ڕێبازی دوکتور قاسملوو شەهید سەلام عەزیزی بکەینەوە کە لە ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاویدا دڵی لە لێدان کەوت و تا دوایین ترپەکانی دڵی وەفادار و بەئەمەگ بوو بە ڕێبازی ڕێبەرە خۆشەویستەکەی.

هاوڕێیان ئێمە لە مەکتەبی دێموکراتدا لە قوتابخانەی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندیدا فێر بووین هەر وەکوو ڕێبەرانی شەهیدمان پێیان وتووین و فێر بووین کە لە شەهیدبوونی شەهیدەکانمان ناگرین. وەکوو ڕێبەری شەهیدمان باسی کردووە باشترین پاداش بۆ شەهیدانمان درێژەدانی ڕێگایانە. ئێمە وەختێ لەو جۆرە کۆڕانەدا کۆ دەبینەوە یادی ئەو ڕێبەرە شەهیدانە و یادی شەهیدانمان دەکەینەوە وێڕای مەحکومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دوبارە پەیمان لە سەر وەفاداری بە ڕێبازەکانیان نوێ دەکەینەوە و پەیمان دەبەستینەوە کە هەر وەکوو جێگرە بە ئەمەگەکەی و ڕێبەری شەهیدمان دوکتور سەعیدی شەرەفکەندی وتی لە سەر ڕێبازەکەیان سوور دەبین یا سەر دەکەوین یا سەر دادەنێین و لێرەدا پێویستە دوبارە یادێك لەو ڕێگایانە بکەینەوە و ئاوڕێك لە ڕێگای ڕێبەرانی شەهیدمان بدەینەوە.

ئەوەی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە لەنێو خەباتی نەتەوەکەیدا بیهێنێتە ئاراوە دوکتور قاسملوو وەکوو ڕێبەرێکی نەتەوەیی هەوڵی داوە هەم نەتەوەکەی پێبگەیەنێت و هەم ئازادی و رزگاری نەتەوەکەی بەدی بێنێت. هەم لە نێو کۆڕی یارانیشدا لە نێو سەنگەری شۆڕشگێڕان و قوتابیانی دێموکراتیشدا هەوڵی داوە کە ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە کەسانێك بن بە خاوەنی تایبەتمەندی ئینسانگەلێکی شۆڕشگێڕ و دێموکرات. لە یەکەم هەنگاوەکاندا هەوڵ دەدات کە هاوڕێیانی لەگەڵ ئەوەی کە دونیای ئەو سەردەمە دونیای پێشکەوتووی ئەو سەردەمە هەیبووە لەگەڵی ئاشنایان بکات بیهێنێتە نێو کۆڕی یارانەوە و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بڕواتە نێو خەڵکەوە و هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کە ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە کەسانی شۆڕشگێڕی ڕێبازی دێموکرات خاوەنی هەندێك تایبەتمەندی بن کە ببن بە سەرمەشق و بە وێنە بۆ گەلەکەیان و لە کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتدایە کە باس لە سیمای دێموکرات دەکات و تایبەتمەندییەکان و خاڵە گرینگەکانی کەسێکی دێموکرات دەست نیشان دەکات. لێرەدا هەندێك لەو خاڵە گرینگانەی کە لە وانەکانیدا لە بەرهەمەکانیدا لە سوخەنڕانییەکانیدا لە خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەیدا هەوڵی داوە فێری یارانی بکات پێی لەسەر دادەگرینەوە و ئاوڕێکی کورتیان پێدا دێنینەوە.

یەکەم مەسەلە پێداگرییە تا ئاخر دڵۆپی خوێن لەسەر مافی نەتەوەیی، هەر وەکوو باسمان کرد لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی تا ئاخرین لەحزە لە سەر مافی نەتەوەیی و پابەندبوون بە ویست و داخوازییە نەتەوەییەکان سوور بووە. نەهاتووە قەناعەت بە مافی شارۆمەندی بێنێت کە کوردیش وەکوو مافی شارۆمەندی لە ئێراندا بەو مافە بگات و تەواو ئیدی هەموو کورد بە مافەکانی گەیشت. نەهاتووە ماف و ویستە نەتەوەییەکان لە هەندێك خاڵی ورد و چکۆلەدا بەرتەسك بکاتەوە فڵانە بەرپرسی فڵانە شوێن کورد بێت یا فڵانە شت و فڵانە مافی چکۆلە بە کورد بدرێت و بە شتێکی چکۆلە کورد رازی بکرێت. تا ئاخرین لەحزە کە دەیزانی سووربوونی لەسەر ئەو ڕێگایە بە قیمەتی گیانی تەواو دەبێت ئامادە بووە گیانیشی بدات بەڵام لەسەر مافە نەتەوەییەکان و ئوسوولی پرەنسیپە نەتەوەییەکان و ویستە نەتەوەییەکان و ئامانجە نەتەوەییەکان سوور بووە و کۆڵی نەدا.

خاڵێکی دیکە کە لە وانەکانی ڕێبەری شەهیدمان، دوکتور قاسملوودا هەیە و دەبێ پێی لەسەر داگرین و بەردەوام وە بیری بێنینەوە کە بەردەوام هەوڵی لەسەر داوە هەم یارانی و هەم دۆستانی تیکۆشەرانی دێموکرات لە سەر ئەو ڕێبازە بمێننەوە هەم نەتەوەکەشی لەسەر ئەو ڕێبازە بار بێنێت و لەگەڵی ئاشنا بێت و پێداگر بێت لەسەری و پێداگری لەسەر ئازادی و دادپەروەری و هاوپێوەندیی نێوان ئینسانەکانە، مەبەستی ئەو گەیشتن بە جیهانی لێوانلێو لە ئاشتی، ئاشتییەك کە تێیدا ئازادیی ئینسانەکان وەدی بێت، ئاشتییەك کە تێیدا بەرابەریی نێوان ئینسانەکان وەدی بێت و ئاشتییەك کە تێیدا هاوپێوەندیی نێوان ئینسانەکان بێت، ئازادی بەو مانایە کە ئینسان لەسەر بیروباوەڕی، لەسەر دەربڕینی رای خۆی، لەسەر گەیشتن بە مەبەستەکانی، ئازاد بێت چۆن بیر بکاتەوە، کە چۆن ئامانجەکانی دەستنیشان بکات. بەرابەری بەو مانایە کە ئەرزشی یەکسان بۆ ئینسانەکان دابنێت. بەرابەری بەو مانایە نا کە جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بسڕێتەوە، سڕینەوەی جیاوازییەکان و حاشا کردن لە جیاوازییەکان، ئیدئۆلۆژییەکی فاشیستییە، بەڵام دوکتور قاسملوو باوەڕی بە بەرابەری هەبوو بەو مانایە کە لە نێوان ئینسانەکان ئەرزشی بەرابەر دابنێت بۆ ئەوەیکە بتوانێت جیاوازییەکانی خۆیان بەهرەکانی خۆیان توانایییەکانی خۆیان گەشە پی بدەن و هەل و دەرفەتی یەکسان بە هەمووکەس بدرێت، دەڵێت: ـ وتەی بەنرخی خۆیەتی با دووبارە پێی لەسەر دابگرینەوە. "تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئینسانەکان کافی نیە، دەبێت ئازادیشی لەگەڵ بێت، بۆیە ئێمە بۆ ئازادی خەبات دەکەین، باشە ئەگەر خەڵك نەچەوسێنرێتەوە، نانی هەبیت، بە زمانی خۆی بخوێنێت، بەڵام ئازادیی نەبێت بەو زمانەی خوی نەزەری خۆی لە سەر وەزعی وڵاتەکەی دەر ببڕێت، مانای ئەوەیە ستەمێك ماوە، ئەویش ستەمی سیاسییە، حیزبی ئێمە خەبات دەکات بۆ ئەوەی کە ئەو ستەمە سیاسییەش نەمێنیت". ئەو باوەڕی بە ئازادی لە دوو بواردا هەیە، هەم لە بواری تاکەکاندا، هەم لە بواری کۆیەکاندا، واتە ئازادییە جەمعییەکانیش دەبێ دابین بکرێن. تەنیا قائیل بەوە نەبوو کە ئازادییە فەردییەکان و ئازادییە شەخسیەکان دابین بکرێن، دەڵێت لە هیندێك لە سیستمەکاندا ئازادییە شەخسییەکان دەدرێت، مەجال هەیە، دەرەتان هەیە بۆ ئازادییە شەخسییەکان، بەڵام ئازادییە کۆییەکان پێشێل دەکرێت، ئازادی دەبێت هەم لە بواری ئازادیی تاکەوە، هەم لە بواری بەکۆوە دابین بکرێت. مرۆڤایەتی دەبێت لە خەباتی بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی مێژوویی سەر کەوێ و جیهانێك بێتە ئاراوە کە هیچ تاك و چین و رەگەز و ئایین و نژادێك نەبێت بە بەردە و کۆیلەی ئەوی دیکە. دێموکرات باوەڕی بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لەنێو کۆمەڵ و بنەماڵەدا هەیە، دێموکرات دژی هەر جۆرە چەوسانەوەیەکی ئینسان بە دەستی ئینسانە. ئەوانە ئەو وانە گرینگانەن کە دوکتور قاسملوو بەردەوام وتوویەتەوە و لە گوێی هەمووماندا دەزرینگێتەوە. بەرابەری بەو مانایە کە هەموو مرۆڤەکان ئەرزشی هاوتایان هەیە، هەلی هاوتایان بۆ گەشەپێدانی بوون و ژیانی خۆیان برەخسێت. بەرابەرییە کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان ئەساسی پاراستنی جیاوازیی تاکەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. ئازادی و بەرابەری لێك جیا ناکرێنەوە، بەرابەری لە هەل و دەرفەتەکاندا مەرجی سەرەکی بۆ پێشکەوتنی تاکەکان و مانابەخشین بە ئازادیی مرۆڤە.

یەکێکی دیکە لەو خاڵە گرینگانە کە دوکتور قاسملوو بەردەوام لەسەری پێی داگرتۆتەوە، داهێنەر بوون و خەلاقیەت و ئیبتکارە، رای وا بووە کە کەسێکی شۆڕشگێڕ و دێموکرات دەبێ بەردەوام داهێنەر بێت لە بیر و ئەندیشەکانیدا، دوگم نەبێت، تووشی تەعەسوباتی کوێرکوێرانە نەبێت، ئەم رستە گرینگانەی خۆی دەخوێنینەوە:

"حیزبی ئێمە وەك حیزبی شۆڕشگێڕ، سەروکاری لەگەڵ "سیاسەت و مرۆڤ و کۆمەڵ"ە، هەر کام لەوان سابت نین، گۆڕانیان بە سەردا دێت، لێرەدایە کە دەبێت کادری حیزبی خەلاقیەت و ئیبتکاری هەبێ فێر ببێت، ئەگەر وا نەبێت هەر چاوەڕوان بێت یەکێك پێی بڵێت وا بکە، وامەکە، ئەو کارە بەو شێوەیە بکە، ئەو کاتە کادری حیزبی بو بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی زەحمەت ناکێشێت بۆ ئەوەی فیکر بکاتەوە، لە ئاکامدا خەلاقیەتی

نابێت و پەروەردەش نابێت".

خاڵێکی دیکە لە ڕێباز و و فیکری دوکتور قاسملوودا سەربەخۆیی سیاسی و فیکرییە. ئەوەی کە بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو هێناویەتیە ناو سیاسەتی کوردەوە و پێی لە سەر داگرتۆتەوە و ئامادە بووە هەموو هەزینەیەکی بۆ بدا، پێداگری لە سەر سەربەخۆیی سیاسی و فیکرییە، بەو مانایە کە هەم لە بواری سیاسیەوە موعتەقید بووە کە کەسێکی دێموکرات و کەسێکی ڕێبواری ڕێگای ئازادی دەبێت سەربەخویی سیاسیی هەبێت، نابێت بەرژەوەندی و مەسڵەحەتەکانی خۆی و گەلەکەی و حیزبەکەی و ڕێکخراوەکەی لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی و مەسڵحەتەکانی کەسێکی دیکە دابین بکات، بەرژەوەندی و مەسڵحەتەکانی خۆی دەبێت خۆی تەشخیسی بدا و ئەوانەی کە دەیانهەوێ بە سەریدا بیسەپێنن کە چی بەرژەوەندیی ئەو تاکە هەیە یا نییە، ئەوانە دۆستی واقعی ئەو نین. دەڵێت: "با بە سەراحەت بگوترێ، ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی خۆمان و میللەتەکەمان ناهێنین، لە بەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بکات واز لە دۆستایەتی دێنین." یا لە بواری سەربەخۆیی فیکرییەوە موعتەقید بووە کە کەسێکی دێموکرات کەسێکی تێکۆشەر دەبێت بەردەوام خۆی فیکر بکاتەوە لە وردترین شتەکان تا گەورەترین شتەکان نابێت قەناعەت بەوە بێنێت لە فلانە شوێندا فلانە شت وتراوە یا فلانە شت نووسراوە، ئیتر ئەوە تەواوە. دەڵێت ئەو شتانە کە نووسراون لە کتێبەکان و گۆڤارەکان و بابەتەکاندا، حەقیقەتی موتڵەق نین، کەسێکی دێموکرات دەبێت بیریان لێ بکاتەوە. دەڵێ: "زانست دوگم نیە، زانستی کۆمەڵایەتی پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە دەچێت و پەرە دەستێنێ، هەر ئەوندەی کە نەزەرێك لە کتێبێکدا نووسرابێت بۆ ئێمە بەس نیە کە پێڕەوی لێ بکەین. ئەگەر تئۆرییەك لە جەریانی تەتبیقدا دەرکەوت کە دروستە پەسەندی دەکەین، ئەگەر دەرکەوت کە دروست نیە و واقعیەت لەگەڵ تئۆری ڕێك ناکەوێت، ئەوکات مانای ئەوەیە کە تیۆرییەکە نادروستە و دەبێ وازی لێ بێنین."

یەکێکی دیکە لەو خاڵە گرینگانەی کە دوکتور قاسملوو پێی لەسەر داگرتووەتەوە چەمك و دەستەواژەیەك بە ناوی خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکە. ئەو تا دواهەناسە و دوادڵۆپی خوێن پابەند و دەروەست بوو بە ئامانجە نەتەوەییەکان، بەڵام ئەو پابەند بوونەی لەگەڵ ئامانجە نەتەوەییەکان هاوکات پابەند بوونیش بووە بە ئامانجە دێموکراتیکەکان بەو مانایە کە تەعەهوودێکی، دەروەستیکی قووڵ و عەمیقی بە دێموکراسی، سیستمی دێموکراتیك و ئازادی ئینسانەکان و کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك هەبووە تا ئەو جیگایەی کە دەڵێ خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوایەتی، دەڵێ دێموکرات ناسیۆنالیستی بەرچاو تەنگ نیە، دەروەستی بۆ دێموکراسی ترسی لەوەش هەیە کە خەباتی نەتەوەیی زۆر قووڵ و زۆر ڕادیکاڵ بکرێتەوە تووشی دوگماتیزم تووشی تەعەسووب و بەرچاوتەنگی ببێتەوە، ئەبێتە فاشیزم و بەرەو شووینیزمی هانی ئەدا بۆیە بۆ مەهار کردنی ئەو ترسە و ئەو مەترسیە کە لەسەر ڕێگاکە هەیە، گرێی دەداتەوە بە دێموکراسیەوە و باس لە خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیك دەکات.

یەکێکی دیکە لە خاڵە گرینگەکانی ڕێبازی قاسملوو، مانا بەخشینە بە ژیان. کەسێك، تاکێك دەتوانێ لە ناو کۆمەڵگادا بەرژەوەندیەکانی بەو شێوەیە کە حەزی لێیە دابین بکات و ژیانێکی باش بۆ خۆی دابین بکات. بەڵام ئایا ژیانێکی باش و ئاسوودە و بەرژەوەندیەکان، تەنیا کافیە بۆ ئەوەی کەسێك وەکوو ئینسانێکی شۆڕشگێڕ وەکوو ئینسانێکی خاوەن ئارمانی بەرز، هەموو شتێکی دابین کراوە و ئیتر هیچ شتێکی پێویست نیە؟ وتمان دوکتور قاسملوو وەکوو ئولگوویەك، وەکوو ڕێبەرێك کە دەبێ بە ئولگوو بۆ گەلەکەی، باشترین ژیانەکان و باشترین شوێنەکانی جیهان بەجێ دێڵێت، دێتەوە ناو سەنگەرە قوڕاوییەکانی پێشمەرگە، مانا بەخشینی ژیان لە لای دوکتور قاسملووەوە چەند خاڵی گرینگی هەیە، یەکەم: خاوەنی ئارمان و ئامانجێکی دوا ڕۆژ، بۆ ئەوەی کە بزانی لە ژیاندا بەرەو کوێ حەرەکەت ئەکەی؟ داهاتووەکەت بۆ کوێیە؟ دوا ڕۆژەکەت بۆ کوێیە؟ کە سەرت لێ نەشێوێت و فەرامۆشی نەکەی ڕێگاکەت بەرەو کوێ بووە و قەرار بووە چی بکەیت، کۆڵنەدان و تێکۆشان، موبارزە کردن، خەبات کردن لە ڕێگای ئەو ئامانج و ئاواتانە، ئاوات و ئامانج بە تەنیا کافی نیە، کەسێك دەتوانێ ئاوات و ئامانجی زۆر بەرز و زۆر گەورەش بۆ خۆی دەستنیشان بکات بەڵام کە خەباتی بۆ نەکەی، کە کۆڵ نەدان و تێکۆشانی نەبێت، مانای ئەوەیە کە باوەڕێکی قوولت بە ئارمانەکانی خۆت نیە. هاوپێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکان، کە تۆ وەکوو ئینسانێك چاو لە ئینسانەکانی دیکە بکەیت، هەوڵ نەدەی کە ئەوانی دیکە بکەیت بە کۆیلەی خۆت یان بیکەی بە پردەبازی خۆت، هاوپەیوەندی و لەگەڵ مرۆڤەکاندا کە وەکوو ئەرزشێکی ئینسانی قایل بێت بۆ هەموو ئینسانێك، بۆ هەموو مرۆڤێك، دژایەتی لەگەڵ چەوساندنەوە. ئەوانە هەندێك لەو خاڵە گرینگانە بوون کە دوکتور قاسملوو لە سەر ڕێگا و لە ڕێبازەکەیدا هەوڵی بۆ داوە کە فێرمان بکات و ئێمە کە یادی ئەو ڕێبەرە شەهیدە دەکەینەوە پێویستە دووبارە ئەو شتانە بخوێنینەوە.

> **سیاسەت لە لای دوکتور قاسملوو بینینی ڕاستییەکان بوو، بە خەیاڵ، بە خەونی شاعیرانە سیاسەتی نەئەکرد، بەڵکوو ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگا و ناو شۆڕشی ئەبینی، ئاستەنگەکان و کۆسپەکانی بەردەمی دەبینی و لە ڕووی ئەوانەوە سیاسەتی دەکرد، سیاسەت لە لای دوکتور قاسملوو تسلیم بوون و دۆڕان نەبوو ڕاستییە تاڵەکانی کە دەبینی، تەسلیمی ڕاستییە تاڵەکان نەدەبوو، نەدەدۆڕا لە کاتە هەستیارەکاندا، لەو کاتانەدا کە کۆسپی گەورە دەکەوتەوە نەدەدۆڕا و تەسلیم نەدەبوو**

دوکتور قاسملوو وەکوو ڕێبەرێك، ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ بووە و وەك ڕێبەرێکی حیزبێك سیاسەتیشی دەکرد، تەنیا ئەوە نەبوو کە شۆڕشگێڕ بێت، تەنیا ئەوە نەبوو کە باس لە ئارمانەکانی دوا ڕۆژ بکات، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتیشی دەکرد و سیاسەت لە لای ئەو بریتی لە فیڵ کردن، لە درۆ کردن لەگەڵ خۆی و دەوروبەری و لەگەڵ گەلەکەی نەبوو، بەردەوام پێی لەسەر ئەوە دادەگرتەوە کە ئێمە لە سیاسەتدا دەبێ ئەخلاقمان هەبێت، ئەخلاق دێنیتە ناو سیاسەتەوە، کۆتایی بەو ئەفسانەیە دێنیت کە سیاسەت بریتیە لە درۆ کردن، سیاسەت لە لای دوکتور قاسملوو بینینی ڕاستییەکان بوو، بە خەیاڵ، بە خەونی شاعێرانە سیاسەتی نەئەکرد، بەڵکوو ڕاستیەکانی ناو کۆمەڵگا و ناو شۆڕشی ئەبینی، ئاستەنگەکان و کۆسپەکانی بەردەمی دەبینی و لە ڕووی ئەوانەوە سیاسەتی دەکرد، سیاسەت لای دوکتور قاسملوو تسلیم بوون و دۆڕان نەبوو راستیە تاڵەکانی کە دەبینی، تەسلیمی راستیە تاڵەکان نەدەبوو، نەدەدۆڕا لە کاتە هەستیارەکاندا، لەو کاتانەدا کە کۆسپی گەورە دەکەوتەوە نەدەدۆڕا و تەسلیم نەدەبوو. سیاسەت لەلای دوکتور قاسملوو، هونەری موومکین بوو، هونەری مومکین هەم بەو مانایەیە کە ئیمکانات و مومکیناتی لەبەرچاو بوو، هەم بەو مانایە کە سیاسەت لە لای ئەو هوونەر بوو درۆکردن نەبوو، بەڵکوو هونەر کردن بوو، هونەرکردنیش بریتیە لە داهێنان، بریتیە لە کوێر کوێرانە بیر نەکردنەوە، هونەری مومکین داهێنانە لە نێو ڕاستیەکاندا و لە نێو ئیمکاناتەکاندا، ئەوانە ئەو وانە گرینگانە بوون کە دوکتور قاسملوو بەردەوام دەیگووتەوە، ئەوانە بوو کە دەیهێنایە نێو خەڵك و نێو کۆمەڵگا و بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەوانە بوو کە دوکتور قاسملوویان شەهید کرد، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو بوارانەدا و لە هەموو ئەو تەوەرانەدا دژ بە بیر و بۆچوونی دووکتور قاسملوو بوو، ئیدئۆلۆژی کۆنەپەرستانەی ویلایەتی فەقیە لەگەڵ ئازادی، لەگەڵ بەرابەری، لەگەڵ داهێنان، لەگەڵ هونەری مومکین، لەگەڵ خەلاقییەت، لەگەڵ شۆڕشگێڕ بوون، لەگەڵ ئەوانەدا نەدەهاتنەوە، بیری دوکتور قاسملوو مەترسی بوو بۆ ئیدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی، بۆیە کۆماری ئیسلامی تیرۆری کرد.

ئێستا دوای ٢٤ ساڵ لە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو، ئاوڕێکی کورت و خێرا بدەینەوە لەو وەزعەی کە کۆماری ئیسلامی تێدایە. کۆماری ئیسلامی هەر وەك دەزانن لە ئاستی دەرەکیدا بە تەواوەتی بۆ هەموو جیهان ناسراوە، ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو باسی دەکرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی کۆنەپەرستە، ڕێژیمێکی ئاژاوەگێڕە ڕێژیمێکی تێکدەرە ڕێژیمێکی تیرۆریستە ڕەنگە زۆر کەس باوەڕی پێ نەدەکرد و زۆر وڵات و لایەن بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵیان هاوکارییان دەکرد، بەڵام ئێستا بۆ هەموو جیهان روون بووەتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی ئاژاوەگێڕ و تیرۆریستە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کە تەزمینی مانەوەی ڕێژیمە نگریسەکەی بکات و لەو ڕێگایەشدا دەبینین کە توندترین گەمارۆکان لە سەر ئەو ڕێژیمە دانراوە و بە شێوەیەك کە تەنانەت زلهێزەکانی وەکوو چین کە پاڵپشتییەکی ئابووری تەواوی کۆماری ئیسلامی دەکەن ئێستا وردە وردە لە ژێر تەئسیراتی ئەو گەمارۆیە لە کۆماری ئیسلامی دوور دەکەونەوە دەبینین کە گوشارێکی ئابووری یەکجار زۆر بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتووە. لە جیهانیشدا لە باری سیاسییەوە بە تەواوی تەریك کەوتوەتەوە. تەنیا دۆستی ئەو ڕێژیمی بەشار ئەسەدی خوێنڕێژە، تەنیا دۆستی ئەو گرووپی حیزبوڵڵای تیرۆریستە. لە نێوخۆدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە نێو باندەکانی ڕێژیمدا هەرچەند ئیدعا دەکات دەیهەوێ وا بنوێنێ کە ڕێژیمەکی یەکدەستە و هەموو پەیڕەوی ویلایەتی فەقیهن و هیچ کێشەیەك لە نێوانیاندا نییە و یەکدەست و موحکەم و ئوستوار لە بەرانبەر دوژمنەکانی ڕێژیمدا ڕاوەستاون، بەڵام کە واقێعییەتەکان چاو لێ دەکەین وا نییە. لە نێوخۆشییاندا دەیان و سەدان کێشە و گرفتیان هەیە چەندین باند و گرووپی ناو ڕێژیم هەیە کە لە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە سەر بەتاڵانبردنی سامانی ئەم وڵاتە کێشەیان هەیە، هەر گرووپێك بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و دژی گرووپەکەی دیکەیە. لە دوا شانۆگەریی هەڵبژاردندا کە کەسێکی نوێنەری وەلی فەقیە لە شورای ئەمنیەتدا دەبێ بە سەرکۆمار، هەر لە ئێستاوە گرووپ و باندەکانی جیاوازی نێو ڕێژیم هەڕەشە لە یەکتری دەکەن. ئەمیان دەڵێت ئەگەر ئەم گرووپە ئەوە بکات ئێمە ئەوە دەکەین ئەو دەڵێت ئەگەر ئاوا بکات ئێمە ئاوا دەکەین، هەرچەند خامنەیی وەکوو ڕێبەری ڕێژیم هەڕەشەی لێکردوون کە کێشەکان نەبەنە نێو ئاستی گشتی با خەڵك بە کێشەکانمان نەزانێ، با دوژمنان شاد نەبن، بەڵام کێشەکانیان لەسەر بەرژەوەندی خۆیان و لەسەر بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە ئەوەندە قووڵە کە بۆیان ناشاردرێتەوە و دەردەکەوێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر سەرکوت و ستەم و چەوسانەوە بەردەوامە، خەڵك دەچەوسێنێتەوە خەڵك دگرێت ئەشکەنجە دەکات، ئازار دەدات و ئێستاش کەسێکیان هەڵبژاردوە بۆ ئەوە هەندێك بە ئەدەبیاتەکی مەسەلەن ئەمرۆییتر بیانەوێ مانەوەی ڕێژیمەکەیان بۆ چەند مانگێگ یا چەند ساڵێك درێژەی پێبدەن، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە لە دەرەوە دەیانهەوێ بە قەولی خۆیان (ئیعتدال) بکەن لە ئەدەبیاتەکەیان گۆڕان پێك دێنن بەڵام لەسەر سیاسەتە ترۆریستی و ئاژاوەگێڕییەکەیان و دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی ئاڵوگۆڕییان بەسەر خۆیاندا نەهێناوە و تەنیا دەیانهەوێ لە وشە و قسەکردن و لە ئەدەبیاتدا ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیاندا بێنن، لە نێوخۆدا هاوکات ستەم و سەرکوتەکان توندتر دەبێت، هاوکات قەیرانەکانی نێو کۆمەڵگا زیاتر دەبێتەوە، بێکاری زیاد دەبێتەوە، گرانی زیاد دەبێتەوە، گرتن و ئازاری خەڵك زیاتر دەبێتەوە، هەموو ئەو توندوتیژی و سەرکوتانەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا کردوویەتی لە سەر نەتەوەکانی ئێران لە سەر نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران توندتر بووە و ئێستاش لە کوردستاندا توندتر و شەدیدتری دەکات، بۆ؟ چونکە دەزانێت نەتەوەی کورد نە لە ئەوەڵەوە نە لە درێژەدا و نە لە ئێستاش و نە لە داهاتووشدا لەگەڵ ئیدئۆلۆژی کۆنەپەرستانەی ویلایەتی فەقیە یەك ناگرێتەوە، نەتەوەی کورد قەت بۆ کۆماری ئیسلامی چۆك دانادا، بۆیە بەردەوام ستەم و سەرکوتەکانی لەسەر نەتەوەی کورد زیاتر دەکات و ئێستاش هەموو ئەو گرتنانەی هەموو ئەو ئەشکەنجانە و ئەو گرانی و بێکارییانە، تووشکردن بە مادە سڕکەرەکان، هەموو ئەوانە لەنێو نەتەوەی کورددا زۆرتر لە هەموو شوێنێك بەڕێوە دەبات، ئەرکی ئێمە وەکوو ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو وەکوو قوتابیانی قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی، وەکوو تێکۆشەرانی دێموکرات ئەوەیە کە هەم لە نێو خۆماندا زۆرتر لە سەر باوەڕی شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانە بار بێنین، ریزەکانی خۆمان پتەوتر لە جاران بکەین، لە نێو خەڵکی کورددا هەوڵ بدەین یەکڕیزی نەتەوەیی پێك بێنین و لەنێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامیدا هاوئاهەنگ کردن و یەکخستنی زیاتر بدەین. بۆ کۆتایی قسەکانم ئاماژە بە چەند قسەیەکی دوکتور قاسملوو دەکەم کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٣دا قسە دەکات و دوایین پاراگرافی قسەکانی بەم قسانە کۆتایی پێ دێنێت کە پێم وایە ئێستاش بۆ ئێمە پێویستە. "ڕێژیمی خومەینی بۆ خۆ دەربازکردن لە بونبەست خەریکە پاشەکشە دەکات و ڕووی خۆش نیشان دەدات، بەڵام هیچ کەس نابێ فریوی ڕواڵەتی ڕیاکارانەی بخوات، ئەندامانی حیزب دەبێ تەشکیلاتی حیزبەکەمان کە چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە پتەوتر و بەهێزتر بکەن، دەبێ یەکیەتی و یەکپارچەیی سیاسی لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبیدا سەقامگیر بێ، ڕێگا نەدرێ تێکدەران و لادەران و ورە دۆڕاوان ڕێگای حیزبە خۆشەویستەکەمان تێك بدەن. دەبێ هاوکاری خۆمان لەگەڵ هەموو هێزەکانی جمهوری خوازی دژی ڕێژیم چ لە کوردستان و چ لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا پتەوتر بکەین و هەموو پێکەوە بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیك تێ بکۆشین."

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### شەڕکەرە ئیسلامگەراکانی سووریە

ماڵپەڕی "ئێکۆنۆمیست" وتارێکی نوێی لەسەر لایەنە ئیسلامگەراکانی گۆڕەپانی سیاسیی سووریە لە ژێر ناوی "شەڕکەرە ئیسلامگەراکانی سووریە، ڕکەبەرایەتیی لە نێوان ئیسلامگەراکاندا" بڵاو کردووەتەوە. وتارەکە بەم لیدە دەست پێدەکات: "یەکێك لە گرووپە ڕاپەڕیوە ئیسلامگەراکان وێدەچێ بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بووە".

لە پاراگرافی یەکەمدا هاتووە: "تا مانگێك لەمەوپێش، ڕێبەری ئەحرارەلشام (پیاوە ئازادەکانی سووریە)، گەورەترین گرووپی سەلەفی ڕاپەڕیو، بە ناوی خوازراوە بانگ دەکرا. دواتر لە ٨ی ژووئەندا، حەسەن عەبود لە وتووێژێك لەگەڵ کاناڵی ئەلجەزیرە، تەلەفزیۆنی سەتەلایتی قەتەر، ناوی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا کرد. ڕۆژێك دواتر، لە ڕێوڕەسمێکی گەورەی سەلەفییەکان لە قاهیرە بەشداری کرد. گرووپەکەی کە ڕەنگە ژمارەی شەڕکەرەکانی بگاتە ١٠ تا ٢٠ هەزار و ڕێبەریی بەرەی ئیسلامی سوورییەکان کە بەرەیەکی گرووپە ڕاپەڕیوە جیاوازەکانە، دەکات، بەرەبەرە بەڵام بە پتەوییەوە بوو بە بەهێزترین هێزی گۆڕەپانی شەڕ دژی سەرکۆمار بەشار ئەسەد."

نووسەری وتارەکە لە پاراگرافی دواتردا بە وردی ئاماژە بە سەرکەوتنەکانی ئەحرارەلشام لە بەرەکانی شەڕ و پەیوەستبوونی هێزەکانی دیکە بەم گرووپە و کونترۆلی بەسەر چەند ناوچەی سووریەدا دەکات.

نووسەر لە پاراگرافێکی دیکەدا باسی ئەوە دەکات کە ئەحرارەلشام لە باری سیاسییەوە زیرەکانە جووڵاوەتەوە و سەرەڕای ئەوەی شەڕەکەی شەڕی شێعە و سوننە بووە، بەڵام وا نیشانی داوە کە بۆ سەرانسەری سووریە شەڕ دەکات، خۆی لە عەمەلیاتی خۆکوژی بواردووە و نە ئیزنی داوە ڕۆژئاوا بە تیرۆریستی بناسێ و نە ئیزنی داوە وەکوو مۆرەی ڕۆژئاوا سەیر بکرێ و هەر بۆیە لە گرووپەکانی دیکە زیاتر پێشکەوتووە.

نووسەر دواتر باسی ئەوە دەکات کە دەگوترێ قەتەر لە پشت ئەحرارەوەیە. هەروەها باسی دانانی بەشی کاروباری دەرەوە لە لایەن ئەم گرووپە و کەڵکوەرگرتنی لە شێوازە مۆدێرنەکانی زانیاریگەیاندن دەکات.

لە دوایین پاراگرافدا نووسراوە: "تا ئێستا ناوسراوترین گرووپی توندڕەوی ئیسلامی "جیبهەت ئەلنوسرە" بووە کە ڕەنگە ٧ هەزار یان زیاتر شەڕکەری هەبێ. بەڵام لەم دوایانەدا ئەم گرووپە بە هۆی تێکهەڵچوونێکی بەهێز لەگەڵ ئەلقاعیدە لە عێراق بە ڕێبەریی ئەبووبەکر ئەلبەغدادی لە ژمارەی هێزەکانی کەم بووە. پاش ئەوەی ڕێبەرانی جەبهەت ئەلنوسرە کە ئەبوومحەممەد ئەلغولانی ڕێبەرییان دەکات، ئامادە نەبوون لە ژێر ناوی ڕۆنانی حکوومەتی ئیسلامی لە عێراق و ئەلشامدا لە ژێر ڕکێفی برایانی عێراقییاندا بن، گرووپەکە لقێکی توندڕەوتری لێ جوێ بووەوە. ئەو گرووپە لەم دواییانەدا لەگەڵ گرووپە سوورییەکانی دیکەدا تووشی تێکهەڵچوون بووە، شتێك کە ئەحرارەلشام تا ئێستا خۆی لێ بواردووە. لە کاتێکدا جەبهەت ئەلنوسرە لاواز دەبێ، ئەحرارەلشام بەهێزتر دەبێ."

سەرچاوە:

Economist.com

(بەشی دووهەم)

# زمانی نوردیک (زمانی وڵاتانی سکاندیناڤی)

و: مینە

### کۆچەران

نزیکەی ٣٥٠٠٠ هەزار کۆچەر لەنۆرویژ دەژین، ئەمانە لەدانمارك، سوئێد، پاکستان، یان وڵاتانی ئینگلیسی زمان، ڤییێتنام، سۆمالی، ئێران، تورکیە، چین و ئەفغانستانەوە هاتوون. لەنۆرویژ هەمووان مافی بەکارهێنانی زمانی دایکی خۆیان هەیە.

کەواتە ئەوانەی بەزمانی کەمایەتییەنەتەوەییەکان دەدوێن، مافی خۆیانە بەزمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و زمانی نۆروێژیش چ وەك زمانی یەکەم یان زمانی دووەم فێربن. کاربەدەستانی نۆروێژی ئەمە زۆر بەگرینگ دەزانن ئەوانەی لەنۆرویژ دەژین، زمانی نەتەوایەتیی نۆرویژ فێر بن. لەساڵی ٢٠٠٣دا بڕیاردرا هەموو گەورەساڵانی کۆچەر مافی ئەوەیان هەیە و ئەرکە لەسەرشانیان کە زمانی نۆروێژی فێر بن.

### پەنجەدویی (زمانی کەڕولاڵان)

زمانی پەنجەدویی خۆی زمانێکە. بەپێی ئاماری ناوەندی کەڕولاڵانی نۆرویژ، هەتا هەزارکەس لەم وڵاتە بەزمانی پەنجەیی قسەدەکەن.

فەرهەنگی سامی لەبەرتیشکی زمانی نۆروێژی ـ سیاسەتی بەنۆروێژیکردن

لەناوەڕاستی ساڵەکانی ١٨٠٠دا سیاسەتێکی توندوتیژ بۆ بەنۆروێژیکردنی سامییەکان کەوتەڕێ، ئەمەش دەتوانێت لەو پەیوەندیەدا چاوی لێ¬بکرێت کە بەدوای دانانی یاسای بنەڕەتیی نۆرویژ لەساڵی ١٨١٤دا زۆراینەی دانیشتوانی نۆرویژ پێویستیان بەدروستکردن و دامەزراندنی نەتەوە هەبوو. لەم ساڵانەدا زۆرکەس سەرقاڵی دۆزینەوەی میراتی بەجێماوی نۆروێژی بوون و سووربوون لەمەڕ دەرخستن و دیاریکردنی ئەم کەلەپوورە، بەتایبەت لەبواری زمان، مێژوو، ئەدەب و هونەرەوە. لە کۆتایی ساڵانی ١٨٠٠دا بڕیاردرا منداڵانی سامی دەبێت نۆروێژی بخوێنن. تا ساڵی ١٨٨٠ ئەم بڕیارە تەنیا ئایینی مەسیحی نەدەگرتەوە. لەساڵی ١٨٨٩دا یاسایەکی نوێ بۆ خوێندنگەکان دەرچوو کەدەیگوت زمانی سامی تەنیا زمانێکی یاریدەرە و ئەمەش هەموو هێڵەکانی خوێندنگەکان دەگرێتەوە. ئاکامەکەی ئەوەبوو کە سامییەکان دەبوو بەنۆروێژی بخوێنن و نۆروێژی دەبوایە تەنیا زمان ـ هەم لە ناوماڵ و هەم لە خوێندنگە بێت.

ئەم سیاسەتی بەنۆروێژیکردنە تاساڵی ١٩٦٠ بەردەوام بوو، ئەم سیاسەتە لەسەر بێ¬بایخکردنی سامییەکان و فەرهەنگەکەیان دانرابوو ـ هەم منداڵانی سامی و هەم منداڵانی دیکەش لەنۆرویژ لەبارەی مێژوو و نەریتی سامییەکان کەم فێردەبوون یان هەر هیچ فێرنەدەبوون، بەڵام نەریتی گێڕانەوەی دەماودەم هەرمایەوە. لەڕێگەی "یۆیکێن"، گۆرانیی تایبەت بەسامییەکان، ئەفسانە و داستانەکان، فەرهەنگی سامییەکان گەیشتە نەوەکانی نوێ، بەڵام یۆیکێن، کە بەشێکی گرینگ لەشیعری سامییەکان بوو، قەدەغەکرا.

ئاکامی ئەم گووشارە بۆسەر زمان و کولتوری سامییەکان ئەوەبوو کە زۆربەیان شەرمیان دەکرد کە بڵێن سامین و هەوڵیاندەدا ڕەگەز و ڕابردووی خۆیان بشارنەوە. گۆرانی بێژێکی بەناوبانگی ئەمڕۆیی سامی "ئانتە میکێل گوپ"ە. ئەوپیاوە لەهەموو نۆروێژدا کۆرسی مۆسیقا، گۆرانی و هونەری گێڕانەوەی چیرۆکی بۆ مامۆستایان داناوە.

سامییەکان بۆ یەکەم جار لەساڵانی شەست و حەفتاکانی زایینی زۆر بەجیدی لەدژی سیاسەتی بەنۆروێژیکردن ڕاوەستان. هاوکات ئەدەب و هونەری نیگارکێشان و مۆسیقای سامی کەوتە گەشە و پەرەسەندن. سامییەکان دەستیانکرد بەشانازیکردن بەمێژوو و فەرهەنگی خۆیان. ئەوان چاویانکرایەوە و ئاگاداربوون کەئەوانیش وەك دانیشتوانی کۆنی ئەم وڵاتە مافی تایبەت بۆ خۆیان هەیە و ڕێکخراوەکانیان ژمارەیەك خواستیان خستە بەردەم دەوڵەت بۆ جێبەجێکردن.

خەباتی سامییەکان بۆ ئەوەی وەك خەڵکێك، بەمێژوو و کولتوری خۆیانەوە ڕێزیان لێ بگیرێت، سەرئەنجام هاتەدەی. لەساڵی ١٩٦٧ زمانی سامی بەویستی خۆیان بووە زمانی یەکەم لەخوێندنگەکان و لەساڵی ١٩٦٩دا یەکەم خوێندنگەی دواناوەندی لەشاری "کاراشۆك" دامەزرا. ساڵی ١٩٨٩ش یەکەمین فێرگەی بەرزی زانکۆی سامی دامەزرا. ئەم فێرگەیە لەهەموو ناوچەسامییەکانی نۆرویژ، سوئێد، فینلەند و رووسیاوە خوێندکاری بۆ دێت.

هەر لەو ساڵانەدا سامییەکانی نۆرویژ "سامەتینگە" یان پەرلەمانی هەڵبژاردەی سامییەکانیان دامەزراند. پەرلەمانی سامییەکان لەنۆرویژ، سوئێد، فینلەند و رووسیا ناوەندێکی هاوکاریی ناسراوی لیژنەی پەرلەمانی سامییەکانی پێکهێناوە. ئەم لیژنەیە لەسەر کێشەی سامییەکان لەم چەند وڵاتە، وەك نەتەوەیەك کاردەکات. ساڵی ١٩٩٠ نۆرویژ وەك یەکەم وڵاتی دنیا پەیوەستبووە بەو پەیمانە نێونەتەوەییە کە سامییەکان وەك نەتەوەیەکی کۆن و ڕەسەن پێناسەدەکات.

ئەمڕۆ زۆربەی سامییەکان لەدەرەوەی وڵاتی خۆیان دەژین، بۆ نمونە کۆمەڵێکی زۆر لەسامییەکان لەئۆسلۆ دەژین. تۆڕی ئینتێرنێتی www.infonuorra.no شوێنێکە بۆ دیتنەوە و ناسین بۆ لاوانی سامی، لەوێ دەتوانێت زانیاری زۆرتر لەسەرکێشەی سامییەکان بدۆزیتەوە.

### مافی زمانی بیگانە

بەجیهانیبوون پێویستی فێربوونی زمانی بێگانەی هێناوەتە پێش. پەیوەندی نێوان گەلان و وڵاتەجۆراوجۆرەکان بەزمان و فەرهەنگی جیاوازەوە لەم سەردەمەدا زۆر پەرەی سەندووە. ڕاگەیەندنە گشتییەکان وەك تی ڤی، ئینتێرنێت و سینەما، دنیای ئەمڕۆیان پێکەوە گرێداوە ـ هەم وەك تاك و هەم وەك کرێکار، یان کاربەدەست دەبینین کە زانینی زمانی بێگانە، بەتایبەت ئینگلیسی دەروازەیەکی ئێجگار گرینگە. هەربۆیە بڕوامان وایە مافی فێربوونی زمانی بێگانە، مافێکی دیموکراتیکە لە نۆرویژ. زمانی ئینگلیسی گرینگە، چونکە لە پەیوەندییەنێونەتەوەییەکاندا هەموو لێی تێدەگەن.

هەروەها گرینگە زۆرێك لەزمانەکانی دیکەش پشتگیرییان لێ بکرێت، وەك ئاڵمانی، فەرانسەیی، سپانیایی و ئەو زمانە گەورانەی دەرەوەی ئورووپا ـ وەك چینی، عەرەبی و ژاپۆنی. مافی فێربوونی زمانی بێگانە، دەبێت هەروەها زمانی کەمایەتییەنەتەوەییەکانی دیکەش کە لەنۆرویژ دەژین، بگرێتەوە.




### سیاسەتی زمانی نۆروێژی

بەرنامەی درێژماوەی "نۆروێژی لەسەد ساڵدا" کە لەلایەن لیژنەی زمانەوانییەوە لەساڵی ٢٠٠٥دا داڕێژراوە، لەسەر ئەم بوارانەی خوارەوە لەساڵانی داهاتوودا پێ¬دادەگرێت:

- بەهێزکردنی زمانی نۆروێژی لەکۆمەڵگەی نۆرویژدا ـ لە ڕاگەیاندنەکاندا، لەکار و بەڕێوەبەرییە گشتییەکاندا.
- بەهێزکردنی تێگەیشتوویی لەزمانی دایکی، زمانی نەتەوەیی، کولتوری و ڕۆشنبیری.
- گەشەپێدان و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی نۆروێژی لەو سۆنگەوە کە ئێمە زانست و فەرهەنگ لەزمانەکانی دیکەوە وەردەگرین.
- مافی ئەوانە بپارێزین کە یەك یان چەند زمانی کەمایەتییەنەتەوەییەکان وەك زمانی دایکیان هەیە.
- توانای زمانی بێگانە بەهێز بکەین لەناو کۆمەڵگەکەماندا.

### سوئێدی

سوئێدی زمانی نەتەوەیی سوئێدە. زۆربەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە نزیکەی ٨،٧ میلیۆن کەس، زمانی دایکییان سوئێدیە. نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس لە سوئێدییە کۆچەرەکانیش لەفینلەند دەژین. ئەمانە جۆرێك سوئێدی دەدوێن کە پێی دەڵێن فینلەندی ـ سوئێدی. سوئێدیش وەك نۆرویژ کەمەنەتەوەکانی دیکەشی تێدایە. ٣٠٠ هەزار کۆچەری فینلەندیش لەم وڵاتە دەژین کە زمانی دایکییان فینلەندیە. کەمەنەتەوەیەکی دیکە کە لەوێ دەژین سامیییەکانن. "سامەتینگە"ی سوئێد، زمانی سامییەکان دەپارێزێت. کاربەدەستانی سوئێدیش دەبێت زمانی فینلەندی و رۆمانی و پەنجەزمانی (زمانی ئاماژە)بپارێزن.

لەم ساڵانەی دواییدا سوئێد کۆچبەرێکی زۆری بۆ هاتووە. ئەمانە لەوڵاتانی جۆراوجۆرەوە هاتوون، وەك پاکستان، یوگسلاوی پێشوو، وڵاتانی ئینگلیسی زمان، ڤییێتنام، سۆمالی، ئێران، تورکیا، ئەفغانستان و چین. سەرجەم ژمارەی زمانی ئەم کۆچبەرانە دەگاتە ٢٠٠ زمان. کاربەدەستانی سوئێدی بۆ هەموو ئەمانە و بۆ فێرکردنی زمانی سوئێدی و زمانی دایکی، ئاسانکارییان بۆ دەکەن.

سوئێد بەپێچەوانەی نۆرویژ تەنیا یەك شێوەنوسینی ڕەسمی هەیە، زاراوەی "ستۆکهۆڵم" پایە و بناخەی ئەم شێوەنوسینەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەلومەرج بۆ زاراوەکانی دیکەش باشتر بووە.

لیژنەی زمانی سوئێدی لەسەر کێشەکانی زمانەوانی ڕێنوێنی دەدات بە پەرلەمان، بەڵام ئەوە پەرلەمانە کە بڕیاردەدا دەبێت چی بکرێت. لیژنەی زمانەوانی لەسوئێد هەربەشێوەی لیژنەی زمانەوانی لەنۆرویژ سەرقاڵی ڕاگرتن و پاراستنی زمانی سوئێدی و ئامادەکردنی هەلومەرجە بۆ گەشەکردن ئەوزمانە، بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە و هێنانی تێکنۆلۆژی نوێ. هەروەها لەسوئێد تێڕوانینەکە وایە کە گرینگیەکی زۆر دادەنێن بۆ دانانی وشە و زاراوەی سوئێدی. سوئێدییەکان بەگرینگی دەزانن خوێندن لەهەموو بوارەکاندا بەسوئێدی بێت و ئەوقوتابیانەی سوئێدیش نین، بەزمانی سوئێدی بخوێنن.

کۆمەڵگەی مودێرنی سوئێد هەروەك نۆرویژ و دانمارك پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەبواری جۆراوجۆرەوە ـ لەوانە بازرگانی، کار، سیاسەت، کولتور و کۆمپیوتێر بەکۆمەڵگەی جیهانییەوە بەستووە.

لەبەر ئەوە کاربەدەستانی سوئێدی لەسەر ئەوباوەڕەن کە بۆ سوئێدییەکان زۆرگرینگە زمانی بێگانە ـ بەتایبەت ئینگلیسی بزانن، هەروەها زمانەکانی دیکەش بۆ نمونە زمانە ئاسیاییەکان.

دوای ساڵێك باس و لێکۆڵینەوە، سوئێدیەکان ڕێککەوتنیان لەسەر سیاسەتی زمانی سوئێدی کرد. ئاکامی ئەم ڕێککەوتنە ئەم چوارخاڵەی خوارەوەیە:

- سوئێدی دەبێت زمانی سەرەکی سوئێد بێت.
- زمانی سوئێدی دەبێت بەتەواویی کۆمەڵگەی سوئێد بپارێزێت.
- ئەوزمانە ڕەسمییەی سوئێد دەبێت مودێرن و ساکار بکرێتەوە بۆ تێگەیشتن.
- هەموو مافی ئەوەیان هەبێت زمانی سوئێدی فێربن و گەشەی پێ بدەن، زمانی دایك بەکار بێنن وگەشەی پێبدەن، دەرفەتی ئەوەشیان هەبێت زمانی بێگانە فێر بن.

دانمارکی

### دانمارکی زمانی نەتەوەییە لەدانمارك

زۆرینەی خەڵکی دانمارك، واتە نزیکەی پێنج میلیۆن کەس، دانمارکی زمانی دایکیانە، تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا زمانی دانمارکی بووە بەباسی ڕۆژ. لەم وڵاتەشدا شێوەنوسینی دانمارکی ڕەسمییە، زاراوەی "کۆپێنهاگ" پایە و بناخەی ئەم نوسینەیە، بەڵام زاراوەی زۆرجیاوازتر لەدانمارك هەیە. هەلومەرج بۆ بەکارهێنانی ئەم زاراوانە لەم ساڵانەی دواییدا باشتر بووە. لیژنەی زمانەوانی لەپرسی زماندا ڕێنوێنی دەدات بەوەزیری پەروەردە، بەڵام "فۆلکەتینگە"، واتە پەرلەمان ـ هەروەك نۆرویژ بڕیاردەدات کە دەبێت چی بکرێت.

لیژنەی زمانەوانی دانمارك چوار خاڵی بۆ گەڵاڵەی سیاسەتی زمانەوانی پێشنیارکردووە:

- زمانی دانمارکی دەبێت وەك زمانی زانستی و زمانی خوێندنی باڵا بەهێزبکرێت.
- کاربەدەستانی دەوڵەتی دەبێت نزیك ببنەوە لەخەڵك بۆ ئەوەی زمانێکی مودێرن و ڕوون و قابیلی فام هەبێت.
- دانمارکی دەبێت لەهەموو بوارێکی خوێندن لەقوتابخانەکاندا بەهێز بکرێت.
- فێربوون بەزمانی بێگانە دەبێت پشتگیری لێ بکرێت.

لیژنەی زمان بەهێزکردنی فێربوون بەزمانی دانمارکی بەگرینگ دادەنێت ـ هەم بۆ ئەوانەی دانمارکی زمانی دایکیانە ـ هەم وەك زمانی دووەم بۆ ئەوانەی زمانی دایکیان، زمانێکی دیکەیە.

ئینگلیسی زمانێکی جیهانییە و دانمارکی بەشێکە لەکۆمەڵگەی جیهانی، لەبەر ئەمە دانمارکیەکان لەسەر ئەوباوەڕەن کە زۆر گرینگە لە زانینی زمانی ئینگلیسیدا ئازا بن، بۆیە ئەوان هیوا دەخوازن کە ئینگلیسی وێڕای زمانی دانمارکی بەکاربهێنن لەخوێندنی باڵادا. هەر بەم هۆیەش زۆرگرینگە زۆر لەخەڵك دەرفەتی فێربوونی زمانی ئیگلیسییان بۆ بڕەخسێت. جگە لەمە لیژنەی زمانەوانی پێیوایە فێربوونی زمانە گرینگەکانی دنیا، وەك ئاڵمانی، فەرانسەیی، سپانیایی، رووسی، ژاپۆنی و چینی هەلیان بۆ بڕەخسێت.

دانمارك وەك نورویژ و سوئێد ئەم ساڵانەی دوایی کۆچبەرێکی زۆری بۆ هاتووە، کاربەدەستانی دانمارك پێشنیاریان کردوە هەم فێرکردنی زمانی دایکی و هەم فێرکردنی زمانی دانمارکی بۆ ئەوانەی دانمارکی زمانی دووەمیانە، گرینگی تایبەتی پێبدرێت.

لیژنەی زمانەوانی دانمارکی بڕوای وایە زمانی کۆچبەرانی تورکی، عەرەبی، فارسی و ئوردوو، هەروەك زمانی ئینگلیسی و ئاڵمانی بگوترێنەوە.

**سەرچاوە:**

**ئەم بابەتە لە وانەیەکی خوێندن لە وڵاتی نۆروێژ بە ناوی signatur وەرگیراوە**

## بڵاوکراوەی نوێ

کتێبی مێژووی نەورۆز وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی

کتێبی "مێژووی نەورۆز و کرۆنۆلۆژیای ئێران" لە نووسینی "عەبدولعەزیم ڕەزایی" لەلایەن شەریف فەلاح، وەرگێڕ و چالاکی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاو کرایەوە.




ئەم کتێبە یەکێك لەو کتێبە سەرچاوە و بەنرخانەیە کە لەبارەی نەورۆزەوە بە زمانی فارسی نووسراوە و لە بیست و شەش بەشی جیاجیا و بە میتۆدی مێژوویی ـ شیکاری نەورۆز و ڕەهەند و لایەنە پێوەندیدارەکانی لە چەندین قۆناغدا لەناو ئەو نەتەوە و ئێتنیکانەی کە خۆیان بە خاوەنی نەورۆز دەزانن، شیکردۆتەوە.

کتێبی "مێژووی نەورۆز و کرۆنۆلۆژیای ئێران" لەدووتوێی ٥٣٤ لاپەڕە و بە ئەژماری ١٠٠٠ دانە سەرەتای مانگی پووشپەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی لەلایەن خانەی مۆکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە شاری هەولێر چاپ و بڵاو کرایەوە.

# شەست و حەوتەمین فێستیڤاڵی هونەریی "ئاوینیۆن"

شەست و حەوتەمین فێستیڤاڵی هونەریی "ئاوینیۆن" لە باشووری فەرانسە کە یەکێك لە گەورەترین فێستیڤاڵەکانی هونەریی جیهان دێتە ئەژمار، ئەمساڵیش بوو بە میوانداری چەندین ئیجرای جۆراوجۆر وەك تیاتر، سەما، کۆنسێرت و ڤیدیۆ لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان.

فێستیڤاڵی ئاوینیۆن لە دوو بەش پێکدێت: بەشی سەرەکی بە ناوی In، کە بەرێوەبەرانی فێستیڤاڵ بەرهەمگەلێك بۆ ئیجرا لە ئامفی تیاترە جۆراوجۆرەکانی ئەم شارە مێژووییە هەڵدەبژێرن. بەشی دووهەم کە offی پێ دەوترێ هەزاران بەرهەمی فرەچەشن لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان کۆ دەکاتەوە کە لە ساڵۆنە چووکە و تەنانەت کافەکاندا پێشوازی لێدەکرێ و لە راستیدا ئەم بەشە وەڵامێکە بۆ ئاستەنگەکانی بەشی سەرەکی کە بەشێك لە بەرهەمە هونەرییەکان بە پێی شکل و قەبارەیان ناتوانن لە ئامفی تیاترە سەرەکییەکاندا بچنە سەر شانۆ و لەم بەشەدا ئەم دەرەتانە دەدرێتە گرووپە جیاوازەکان تا لە شوێنە گشتییەکانیشدا بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەش بکەن.

بەرهەمە تایبەتییەکان فاوست، بەرهەمی کلاسیك و ناسراوی گوتە، ئەمجارە لە ئیجرایەکی دوو بەشیدا لە دەرهێنانی نیکۆلاس ئێستمان




دەرهێنەری ئاڵمانی دەچێتە سەر شانۆ، ئەم تیاترە کە ئیجراکەی هەشت کاتژمێر و نیو دەخایەنێ، تەنیا سێ جار ئیجرا دەکرێ و تایبەتمەندییەکەی شێوەی ئیجرای مودێرن و جیاوازەکەیەتی.

فێستیڤاڵی ئاوینیۆن لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە ئامانجی پشتیوانی لە ئیجرا مودێرن و جیاوازەکان لە دایك بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا پارێزکارتر بووە و هێندێکجار ئیجراگەلی بە تەواوی کلاسیك هەڵدەبژێرێت.

ئەمساڵ بەڵام ئیجرا مودێرنەکان سەرنجی زۆرتری بەلای خۆیدا راکێشاوە لە بەراوەرد لەگەڵ ساڵەکانی پێشوودا."نێد کۆمپانی" گرووپی بەناوبانگی بلژیکی، ئەمساڵ بەرهەمێکی سەرەنجراکێش پێشکەش دەکا کە بلیتەکانی دەس ناکەون. ئەم تیاترە بە دەرهێنەری یان لاورێس، چیرۆکی بازارچەیەك باس دەکا کە لەوێدا ئاگرکەوتنەوەیەك روو دەدا و هێندێك کەس مردوون، بەڵام ئەمە دەسپێکی گێرانەوەیەکە بە مەودای جیاواز و کە لەوێدا چیرۆکی دەستدرێژی و توندوتیژی جینسی و دادوەری خەڵکی بازارەکە لەهەمبەر ئەو دیاردەیەدا تاوتوێ دەکرێت.

فێستیڤاڵی ئاوینیۆن ئەمساڵ میوانداری نزیك بە هەشت هەزار هونەرمەند لە بیست ویەك وڵاتی جیهانە.

# موسیقای کوردی چیە؟




موسیقی کوردی بە موسیقا و ئاوازەکانی خەڵکی کوردزمان دەوترێ. توێژەرێکی موسیقای کوردی لەو باوەرەدایە کە هۆکاری دروست بوونی موسیقای کوردی، پاراستنی زمانی ئەدەبیات، فەرهەنگ، بە سە ر ها تە کا ن و بە گشتی شارستانیەت و رابردووی کوردەکانە. موسیقی هامۆید (فلکلۆر)ی کوردی لە سێ بەشی ئەفسانەکان، چیرۆك و حەقایەت پێکهاتووە.

**ئەفسانەکان**

دروست بوونی موسیقی کوردی وەکوو زۆربەی قەوم و نەتەوەکانی دیکە لە ئەفسانە کوردیەکانەوە دەستی پێکردووە کە لەم بەشەدا، ئەفسانەکان لە چوارچێوەی ئاوازە کوردیەکاندا دەوترێتەوە. ئەم ئاوازانە لە فەرهەنگی کوردیدا دابەش دەبن بە سەر ئاوازەکانی دیوانی و زۆرترین نێوەرۆکی ئەوان ئەفسانە کوردیەکانە کە شێوازی حیماسی یان ئێپیکیان هەیە.

یەکەمین نوێنگەکانی هونەری کوردی لە بواری ئەدەبی و هونەریدا، موسیقای حیماسی بووە. لە بەناوبانگترین ئەو کەسانەی کە لەسەر ئەم شێوازە کاریان کردووە " کاویس ئاغا" بووە کە گۆرانییەکانی، ئەو ئاوازە حیماسیانەن کە لە رابردووەکانەوە بەجێماوە. ئەفسانەی زۆر لە زمانی کوردیدا بوونیان هەیە کە ئەگەر فیلمسازە بە تواناکان سەرنجی بدەنێ دەکرێ فیلمگەلی زۆر سەرەنجراکێشیان لێ بەرهەم بهێنرێت وەك" زارا ئەوینی شووان".

**چیرۆك و حەقایەت**

جۆرێکی دیکە لە موسیقای فلکلۆری کوردی پێوەندی هەیە بە چیروك و داستانەکانەوە کە ئاوازە داستانیەکانیش بە دوو بەشی حیماسی و خۆشەویستی دابەش دەبن. لە ئاوازە حیماسییەکاندا باس لە شۆرشگێری و خەباتکاری قارەمانێك دەکرێ. لە گۆرانیە خۆشەویستیەکاندا "بەیت" لایەنە رۆمانتیك و خۆشەویستیانەکانی نێوان دوو کەسایەتی باسی لێوە دەکرێ. کە دەتوانین هێما بکەین بۆ بەیتەکانی " لاس و خەزاڵ" و " خج و سیامەند" کە باسی بە سەرهاتی دوو خۆشەویست دەکا کە لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانن لەم بەشەدا.

لە بەشێکی دیکەی موسیقی کوردیدا، ئەو کوردانەی بە زاراوەی سۆرانی قسە دەکەن بۆ خۆیان جۆرێکی تایبەت لە موسیقایان هەیە کە "گۆرانی" پێ دەڵێین کە ئەم جۆرە ئاوازانە لە نێو کوردەکانی ورمێ و کوردەکانی تورکیەدا بە "لاوژە" ناسراوە و ئەم جۆرە گۆرانیانە ریتمێکیان هەیە بە ناوی "قەتار" کە توێژەران لەسەر ئەو بروایەن کە ریشەی ئەم وشەیە لە وشەی زەرتەشتی"گاتا" وەرگیراوە کە لە سەرەتادا پیوەندی هەبووە بە هێندیك نزا و پارانەوە و داب و نەرێتی ئایینیەوە.

دووهەمین جۆری ئەم موسیقایە" هۆرە"ی پێ دەوترێ کە تایبەتە بە زاراوەی کەلهۆری و لە باشووری کوردستانی عێراق و ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و بەشێك لە ناوچەکانی پارێزگای سنە دەوترێتەوە.

# مێنێریسم

مێنێریسم لە مانادا هاوواتایە لەگەڵ شێوەخوازی. لە بواری هونەر و ئەدەبدا، کەڵکئاژۆ لە شێوازێك یان ستایلێکی تایبەتی و کەسایەتییەکە. ئەم چەمکە بە شێوەیەکی باو هێما دەکا بۆ بەریانە هونەرییەکانی کۆتاییەکانی رێنسانس، واتە لە مەرگی رافائیل (١٥٢٠) تا کۆتایی سەدەی شازدەهەم. مێنێریستەکان بەرهەمەکانی خۆیان نە لەسەر هەڵگرتە دیدارییەکان بەڵکوو لە سەر باوەڕە زەینییەکانی خۆیان دەخوڵقاند. ئەوان هیچ کات سروشتی سەردەمی خۆیان نەدەکردە مودێل، بەڵکوو مودێلەکانیان لە نێو بیرۆکە و بەرهەمەکانی مامۆستایانی خۆیاندا (سەردەمی شکۆداری رێنسانس) بە تایبەت میکل ئانژ و پەیکەرتاشە رومیەکان هەڵدەبژارد. بە واتایەکی دیکە لە باتی ئەوەیکە سروشت مامۆستایان بێت هونەر و چەمکی هونەر دەبوو بە مامۆستایان. چون پێیان وابوو کە لە سروشتدا جۆرێك توندوتیژی هەیە کە ئەوان لە ئافراندنی هێمنانە و جوانیناسانەی راستەقینەی هونەری دوور دەخاتەوە و دەبێ سەرکەش بوونی سروشت، لە بەرهەمەکانیاندا هێور بکرێتەوە و رام بکرێت.

هەواڵ

## فیلمی سینمایی دوایین زستان لە فێستیڤاڵی قەیسی زێرین خەڵاتی بەدەست هێنا

فیلمی سینەمایی "دوایین زستان" لە دەرهێنانی سالم سەڵەواتی سینەماکاری کورد، لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی قەیسی زێرین لە ئەرمەنستان نمایش کرا و توانی خەڵاتی ئەو فێستیڤاڵە بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی پەیامنێر، فێستیڤاڵی فیلمی قەیسی زێرینی ئەرمەنستان بە بەشداری بەرهەمی سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆر لەرێکەوتی ١٥ی پووشپەڕەوە دەستی پێکردوو و بۆ ماوەی یەك حەفتە بەردەوام بوو.

رێورەسمی کۆتایی ئەو فێستیڤاڵە لە شاری ئیرەوان، پێتەختی وڵاتی ئەرمەنستان بەرێوەچوو و لە چەندین بەشی جۆراجۆردا خەڵاتەکان بە براوەکانی کورتە فیلم، فیلمی دیکۆمێنتاری و فیلمی سینەمایی بەخشرا.

فیلمی دوایین زستان ماوەکەی ٧٥ خولەکە و بە سیستمی "ئێچ دی" لەلایەن کۆمپانیای ستاك فیلمەوە تۆمار کراوە و سالم سەڵەواتیش دەرهێنەرەکەیەتی.

سالم سەڵەواتی لەدایکبوی شاری سنەیە و بۆ خۆی فۆتۆگرافێر و دەرهێنەری سینەمایە و وەك وێنەگری سینەمایی زیاتر لە ٣٠فیلمی کورت و ٥ فیلمی درێژی وێنە گرتووە.

## سۆفیا لۆرین دوای ٩ ساڵ دوورکەوتنەوە دەگەرێتەوە

ئەستێرەی سینەمایی ئیتاڵی سۆفیا لۆرین لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا دوای دوورکەوتنێکی زۆر لە شاشەکان بڕیاریدا جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر شاشە لە فیلمێکی سینەمایی کە لە دەرهێنانی کوڕی خۆیەتی.

دەزگاکانی راگەیاندنی ئیتاڵی ئاشکرایان کرد دوای ٩ ساڵ دوورکەوتنەوە سۆفیا بە فیلمێکی نوێ دەگەڕێتەوە بەناوی (دەنگی مرۆڤایەتی) کە لە دەرهێنانی ئیدوارد بۆنتی کوڕیەتی، چیرۆکی فیلمەکەش لە شانۆگەرییەك وەرگیراوە کە لە نووسینی شاعیر و نووسەری فەرەنسی جان کۆکتۆیە، فیلمەکە باس لە شارەکانی رۆما و ناپۆلی و ئۆستیا دەکات و بڕیار وایە لە ماوەی ٣ هەفتە دەست بە وێنەگرتنی بکرێت.

سۆفیا لۆرین لە ٢٠ی سێپتێمبەری ١٩٣٤ لەدایکبووە و خاوەنی زۆرترین جەماوەر بوو لە مێژووی سینەمای ئیتاڵی و خەڵاتی ئۆسکاریشی بە دەستهێناوە، دواین کاری سینەمایشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ ئەویش فیلمی (رۆمانسیەتی زۆرتر) بوو و سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و لەو کاتەوە تا ئێستا بەشداری لە هیچ کارێکی سینەماییدا نەکردووە.



بێ دوان...

# چارەسەری هەڵاواردن، یان سڕکردنی ناڕەزایەتییەکان؟

سەلام ئیسماعیل پوور

هاتنەسەرکاری حەسەن رووحانی وەکوو سەرکۆماری نوێی ڕێژیم و دروشمە سوواوەکانی لەمەڕ چارەسەری هێندێك پرسی پێوەندیدار بە نەتەوەکان یان بە وتەی ئەو، قەومیەتەکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان، کۆمەڵێك باس و بابەتی جیاوازی هێناوەتە ئاراوە کە سەرەکیترینی ئەم باسانە دڵخۆشکردنی هێندێك کەس و لایەن بەو دروشمانەیە کە تەمەنیان لە تەمەنی خودی کۆماری ئیسلامیش زیاترە، بەڵام بۆ ئەو کەسانە هێشتا نوێ دێتە بەرچاو و پێی شاگەشکە دەبن.

لە بەیاننامەی پێش شانۆگەریی هەڵبژاردندا، حەسەن رووحانی بە راگەیاندنی ١٠خاڵ و دانی وادەی جێبەجێکردنیان بە خەڵك، داوا لە هەموان دەکات دەنگی پێ بدەن.

ئەم بەیاننامەیە هێندێك کەسی بەخەیاڵی قۆستنەوەی دەرفەتێکی گەورە بۆ نزیککردنەوەی خۆیان لە نزمترین پلەکانی دەسەڵات و بەلاڕێدابردنی خەڵك لە ژێر دروشمە ناڕروونەکانی سەرکۆماری تازەدا هێنایە سەما و وەهمی کەشوهەوایەکی کراوە و لەباری سیاسیی لە نێو بەشێك لە خەڵکدا پێکهێنا.

بە خوێندنەوەیەکی هەرچەند سەرەتایی لە خاڵە دەستنیشانکراوەکانی رووحانی و تاقمە ئەمنیەتییەکەی هاوکاری، بۆمان دەردەکەوێ کە لە راستیدا بەڵێنییەکانی شێخی دیپلۆماسیی ڕێژیم شتێکی تازەی ئەوتۆی تێدا نیە کە بتوانین ناوی نوێگەری و داهێنانی لەسەر دابنێین و پێشتر، یان لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەنی ڕێژیمدا بەڵێنی هاوشێوە، یان تەنانەت لەوەش زیاتر لە لایەن مۆرەکانی دیکەی دەسەڵاتەوە نەدرابێت.

خاڵی یەکەمی ئەو راگەیەندراوە کە باس لە داڕشتنی یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی مادەکانی ٣،١٢،١٥،١٩،٢٢ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم دەکات، لەڕاستیدا کورتکراوەی خاڵەکانی ٢تا ٩ی راگەیەندراوەکەیە کە کۆمەڵێك باسی وەکوو بەشدارکردنی کەمینەکان (خۆیان گوتەنی) لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، خوێندنی زمانی دایکی لە خوێندنگا و زانکۆکاندا و بەهێزکردنی فەرهەنگ و وێژەی ئیتنیکەکانی ئێران، لابردنی هەڵاواردن و گۆڕینی تێڕوانینی ئەمنیەتی بە نیسبەت ئیتنیکەکانی ئێران لەخۆ دەگرێت.

خاڵی کۆتایی یان دەهەمیش باس لە دیاریکردنی یەکێك لە جێگرەکانی سەرکۆمار بۆ جێبەجێکردنی ٩ خاڵی پێشوو دەکات.

رووحانی هەروەها باس لەمافی هاووڵاتیبوون دەکات و دەڵێ: "لە مافی هاووڵاتیبووندا زۆرینە و کەمینە بوونی نیە، کورد و ئازەری و عەرەب و بەلووچ و فارس و تورکەمەن یەکسان دەبن." ئەو دروشمانە لە لایەکەوە نیشاندەری ئەو راستییەن کە تەنانەت لە نێو دەسەڵاتدارانی ئێرانیشدا پرسی ناڕەزایەتیی پەنگخواردووی نەتەوەکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان وەکوو هەڕەشەیەك بۆ سەر مانەوەی ڕێژیم چاوی لێ دەکرێت و ئەوانیش لە بیری ئەوەدان کە بە شێوازی خۆیان ڕێکارێك بۆ پێشگرتن لە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان بدۆزنەوە. هەر بۆیە بەدانی دروشمی لەو بابەتە و دڵخۆشکردنی کۆمەڵێك مۆرە و رەوتی بەستراوە بە خۆیان لەنێو کۆمەڵگا ژێردەستەکاندا بە پۆست و پلەی

**ئەو راستییەش نابێ لەبیر بکرێت کە تەنانەت ئەو بەڵێنییە سەرەتاییە بێ نێوەڕۆکانەش لەگەڵ بنەماکانی بیروباوەڕ و پێشینەی حەسەن رووحانیدا نایەنەوە و تەنیا وەکوو رووکەش و رواڵەتێك بۆ رازاندنەوەی پرێسکەی بەتاڵی رووحانی و رووحانیەت لە کوردستان و تورکەمەنستان و ئەهواز و... کەڵکی لێ وەردەگیرێت**

بێ بایەخ، جاربەجار سووپاپێك بۆ سڕکردنی ناڕەزایەتییەکان دەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، بەپێچەوانەی پرۆپاگەندای لایەنگرانی رووحانی کە دەیانهەوێ بۆ نموونە دانی پۆستی جێگری ئوستاندار، یان تەنانەت وەزیرێکی کابینە بە کەسانێکی سەر بە کەمینەکان، یان جێبەجێکردنی مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم بە سەقفی داخوازییەکانی کورد یان تورکەمەن یان بلووچ نیشان بدەن، ئەوە تەنیا هەوڵێك بۆ بەلاڕێدابردنی داخوازییە نەتەوەییەکانە و بوونی بەرپرسانێك کە بە رەگەز کورد یان تورکمەنن، بەڵام نوێنەرایەتیی داخوازییە دێموکراتێك و نەتەوەییەکانی ئەو گەلانە ناکەن، نە دیاردە و دەسکەوتێکی نوێیە کە رووحانی بۆ یەکجار بە دیاریی هێنابێت و نە پێوەندییەکی بە چارەسەری کێشەی نەتەوەکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکانەوە هەیە.

هەروەها ئەو راستییەش نابێ لەبیر بکرێت کە تەنانەت ئەو بەڵێنییە سەرەتاییە بێ نێوەڕۆکانەش لەگەڵ بنەماکانی بیروباوەڕ و پێشینەی حەسەن رووحانیدا نایەنەوە و تەنیا وەکوو رووکەش و رواڵەتێك بۆ رازاندنەوەی پرێسکەی بەتاڵی رووحانی و رووحانیەت لە کوردستان و تورکەمەنستان و ئەهواز و... کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

بۆنموونە، ئاخوند عەزیمی قەدیم دەڵێ: ئەو دروشمانەی بەڕێز رووحانی بە پێی باوەڕەکانی نیە، کاتێك کە عارف، رەزایی و وەلایەتی لە پرۆپاگەندەکانی هەڵبژاردندا ئەم باسەیان هێنایە گۆڕێ، بەڕێز رووحانیش بۆ ئەوەی لە کاروانەکە بەجێ نەمێنی، ئەم باسەی هێنایە ئاراوە. کاتێك لە خولی پێشوودا کەڕووبی سەبارەت بەو مەسەلەیە قسەی کرد، بەڕێز رووحانی کە سکرتێری ئەوکاتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بوو، دژایەتیی کردبوو. رۆژنامەی "رەسالەت لەو سەردەمە و لەسەر زاری رووحانی لە تیتری یەکەمی خۆیدا نووسیبووی:" لەگەڵ پرسی ئیتنیکەکان کایە مەکەن."

خاڵی جێگەی سەرنجی دیکە ئەوەیە کە رووحانی تەنانەت ئەگەر باوەڕیشی بەو بەڵێنانەی خۆی هەبێت، راستیەکەی ئەوەیە کە نە یاسای بنەڕەتی و یاساکانی دیکەی ڕێژیم لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو دروشمانە دێنەوە، نە رووحانی یا هەر سەرکۆمارێکی دیکە سەلاحیەت و توانای گۆڕینی ئەو یاسایانەی هەیە کە بنچینەی هەڵاواردنەکانن و نە بە دەرکردنی ئاییننامەیەکی دەوڵەتی یان بەخشنامەیەك دەکرێ دەسەڵاتی بێسنووری سپای پاسداران و تاقمە مافیایی و ئەمنیەتی و چەکدارییەکانی ڕێژیم پێشی پێ بگیرێت و بۆ نموونە تێڕوانینی ئەمنیەتی لە بلووچستان یان کوردستان جێگای خۆی بداتە ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی دۆخی ئاسایی بۆ ئەو ناوچانە (کە بە درێژایی تەمەنی ڕێژیم، دۆخی ئاساییان بەخۆیانەوە نەبینیوە).

کەوابوو گەلۆ ئەگەر مەبەستی رووحانی و ڕێژیمەکەی لەو دروشمە سوواوانە بە لاڕێدابردنی خەڵك و سڕکردنی هەستی نەتەوایەتی و ناڕەزایەتیی خەڵك لە کۆماری ئیسلامییە، دەبێ هەڵوێستی ئەو کەس و لایەنانە چۆن پاساو بدرێتەوە کە خۆیان بە نوێنەری خەڵك و ماف و ئازادییەکانیان دەزانن، بەڵام بە چەپڵەڕێزان بۆ رووحانی و کارنەڤاڵی گەمژاندنی بەڕێوە چوو لە لایەن ئەو و هاوبیرانیەوە، دەبنە کەواسووری بەر لەشکر؟

# گۆڕانکارییەکانی میسر و وشیاریی خەڵکی ئەو وڵاتە!



دارا ناتق

گەلی وشیار و خاوەن بیر و ئیرادەی مافخوازانەی میسر، دوای چەند دەیەیەك لە حوکمی سەربازی و زوڵم و زۆری حکومەتی دیکتاتۆری حوسنی موبارەك، بە وەڕێخستنی شۆڕش و سەرهەڵدانێکی سەرتاسەری دژی دەسەڵاتی موبارەك و لە پێناو بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیك کە تێیدا سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بە ئاشتی و مافی وەك یەك لە دیارکردنی چارەنووسی خۆیان و ئیدارەی وڵاتدا بەشدار بن، رۆژی ٢٠١١/١/٢٥دا راپەڕین و لە ٢٠١١/٢/١١دا، دیکتاتۆر و ئەفسەرە دێرینەکەی میسریان لەسەر تەختی فەرمانرەوایی لادا و قۆناغێکی پڕ لە هیوا و ئاڵوگۆڕی چارەنووسساز لە پێناو دابینبوونی ژیان و داهاتوویەکی گەش لەو وڵاتەدا دەستی پێکرد.

لە قۆناغی دوای رووخانی حکومەتی موبارەکدا، پارتی ئازادی و دادگەریی سەر بە ئیخوانولموسلمینی میسر توانییان لە ماوەیەکی کورتدا و بەدانی کۆمەڵێك دروشم لە پێناو ئاوەدانکردنەوە و باشترکردنی بواری ئابووری وڵات و بژیوی ژیانی خەڵك، سەرەنجی زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ لای خۆیان راکێشن و لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پارلمان و سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتەدا، ئیدارەی سیاسیی وڵات بەدەستەوە بگرن و محەممەد مورسی وەك سەرۆك کۆماری وڵات هەڵبژێردرا. بەڵام لە ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتداری خۆیاندا، ئیخوانەکان زۆر بە پەلە ویستیان سیستمێکی ئیخوانی بەسەر کۆمەڵگای وشیاری میسردا بسەپێنن کە پێچەوانەی ئەو ویستانە بوون کە لە پێناویدا شۆڕشیان کردبوو. بەداخەوە محەممەد مورسی نەتەنیا هەوڵی بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بەڵێن و دروشمانەی کە بە گەلی میسری دابوو، نەدا، بەڵکوو نەیتوانی کۆدەنگیەکی نیشتمانی لەو وڵاتەدا بێنێتە دی و ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە کە لە پێناویدا شۆڕشیان کرد دەستەبەر بکات. ناوبراو نەتەنیا ئابووریی وڵاتی جێگیر نەکرد، بەڵکوو ئابووریی وڵات رۆژ بە رۆژ بەرەو دارمان و خراپتر بوون دەڕۆیشت و کێشەی ئابووری گەورەترین گرفتی خەڵکی ئەو وڵاتە بوو. رێژەی بێکاری کە لە سەردەمی موبارەکدا ٩ لەسەد بوو، ئێستا بەپێی راپۆرتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، ١٤ لەسەدی تێپەڕکردوە. گرانی و هاتنەخوارەوەی بەهای دراوی ئەو وڵاتە، هەڵاوسان، کەمبوونەوەی سووتەمەنی و پێداویستیی رۆژانەی خەڵك رووی لە زیاد بوون کردبوو. راوەستانی چالاکییەکانی زیاتر لە ٤٥٠٠ کارگەی بەرهەمهێنان و کەمبوونەوەی رادەی گەشتوگوزار لەو وڵاتەدا، ئابووریی میسری بە تەواوی لاواز کردووە. دەوڵەتی مورسی نەتەنیا نەیتوانی ئاسایش و تەناهی تەواو لەو وڵاتەدا جێگیر بکات، بەڵکوو هێندێك دەرفەت پێکهێنران کە بە شێوەیەکی توندڕەوانە کە خوێندنەوەیەکی توندوتیژیان لە ئیسلامدا هەیە، لە لایەك سیمای ئایینی پیرۆزی ئیسلامییان خوشەدار کردبوو و لە لایەکی دیکەشەوە ئاسایشی وڵات و پرۆسەی ئاشتی و دێموکراسی و مافی مرۆڤیان بە تەواوی توشی مەترسی کردبوو. بەرتەسککردنەوەی ئازادییە تاکەکەسییەکان، ئازادی بیروڕا دەربڕین و چالاکییە هونەرییەکان، مافی ئافرەت، پەراوێزخستنی گرووپ و لایەنەکانی دیکە، ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو کەشێکی ئایینیی زۆرە ملێ و پراکتیزەکردنی کولتووری توندوتیژ لە کۆمەڵگادا، ئەو هۆکارانە بوون کە ویست و ئامانجەکانی شۆڕشیان بە لاڕێدا بردبوو و پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی گەلی راپەڕیوی میسر بوون کە لە ماوەی یەك ساڵ دەسەڵاتداریی مورسیدا، لەگەڵی بەرەوڕوو بوون.

سیاسەتی هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بەرەو یاسا و رێساکانی چاخەکانی کۆن و ئەو کەموکوڕییانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، هۆکارگەلێك بوون کە گەلی وشیار و مافخوازی میسری جارێکی دیکە لە رێکەوتی ٩ی پووشپەڕ بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی دەربڕینی گشتگیر دژی دەسەڵاتی تەکرەوانەی مورسی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی گەلی میسر و بە پشتیوانیی هێزە نیزامییەکان، رێکەوتی ١٢ی پووشپەڕ کۆتاییان بە دەسەڵاتی یەك ساڵەی محەممەد مورسی و ئیخوانەکان هێنا و یاسای بنەڕەتی وڵات هەڵپەسێردرا و عەدلی مەنسوور لێپرساوی دادگای باڵای یاسای بنەڕەتی، وەکوو سەرکۆماری کاتیی میسر دیاری کرا و سوێندی یاسایی خوارد و لە ٢٥ی پووشپەڕ، حکوومەتی کاتیی بە بێ بەشداریی خۆخوازانەی ئیخوانەکان پێکهات.

گۆڕانکارییەك کە لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. وڵاتانی هاونەتەوەی میسر، وەك عەرەبستان، قەتەر، کوەیت و ئیمارات، چەند کاتژمێر دوای ئەو رووداوە، پشتیوانیی خۆیان لەو هەنگاوەی سوپا و ئیرادەی مافخوازانەی خەڵکی میسر دەربڕی. وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وێڕای هەڵوێستی جیاواز لەو بارەیەوە، نیگەرانیی خۆیان لە بارودۆخی هەستیار و ئاڵۆزی ئێستای میسر دەربڕی. ئاڵوگۆڕێك کە هەنوکە کۆمەڵگای میسری بەسەر دوو بەرەدا دابەش کردووە، بەرەی مافخواز و بەرەی دژە دێموکراسی کە ئامادەی هیچ چەشنە سازانێك نین و لە هەوڵی نانەوەی ئاڵۆزی و بشێویدان. مەترسییەك کە ئاراستەی بارودۆخی ئەو وڵاتە بەرەو شەڕی ناوخۆ دەبات.

بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، وشیاریی خەڵکی مافخواز و شۆڕشگێڕی میسرە کە وێڕای سووربوون لەسەر ویست و خواستە رەواکانی خۆیان لە پێناو دابینکردنی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك و مرۆڤتەوەرانە، ئامادە نین بە هیچ شێوەیەك بەرەو دواوە بگەڕێنەوە و ملکەچی فەرمانڕەوایان و پەیڕەوانی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتی بن.

# د.قاسملوو و مانیفێستی نەتەوەخوازی

هەژار ڕەحیمی

بەرنامەی هەر سیستمێکی سیاسی یان ڕوونتر بڵێین هەر حیزب و دامەزراوەیەك چەندە جوان و پڕ بەها و مرۆیی بێت، دواجار هەر لە قاڵبی گوتەدا دەمێنێتەوە و ناتوانێ ببێتە پاساوێکی سەلمێنەر لەهەمبەر ڕەوایەتی بەرنامەکەدا، بەڵکو بەشێکی هەرەمەزنی ئەو پاساوە سەلمێنەرە پەیوەستە بە ڕادەی ڕەنگدانەوەی کردەیی ئەو بەرنامەیە لە هزر و ڕەفتاری تاکەکانی بەڕێوەبەریی ئەو سیستمەدا.

بەخۆشییەوە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێزی ئەو کەسانەدان کە بەردەوام هەوڵیان داوە بەسەرنجدان لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان وێڕای بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەرنامە سەرەکییەکە، بەڵام هەروا پابەند بن بە شوێنگەی سەرەکیی سەرهەڵدان و پێکهاتنی حیزبەکەوە.

پەیامی سەرەکیی حیزبی دێموکرات ڕەواندنەوە و نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەییە و تا نەهێشتنیشی ئەم بابەتە هەروا دەمێنێتەوە. لە ساتەوەختی دروستبوونییەوە تا هەنووکە دەبینین کە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرەکانی و کۆی ئەندامانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پابەندی ئەم پەیامە بوون و ئەوەی پێویست و لەتوانایاندا بووە کردوویانە.

یەکێك لە خەسڵەتە هەرە بەرزەکانی دوکتور قاسملووی شەهیدیش ئەوە بوو کە هەمیشە و زیاتر لە هەرشتێك، سەرنجی خەڵکەکەی و چەوسانەوەی خەڵکەکەی دەدا لە لایەن ڕێژیمەکانەوە. هەر بۆیەش دەبینین بەردەوام لە گۆشە و کەناری جیاوازەوە و لە ناوەند و کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیدا بەردەوام سەرنجێکی لەسەر کوردستان و کێشەی نەتەوەی کوردە. لەو ساتەوەش کە بە شێوەیەکی جیدی پێ دەنێتە نێوگۆڕەپانی سیاسی و لە سەکۆی حیزبێکی دیاریکراوەوە لە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کوردە، ڕادەی ئەم ئۆگری و دەروەستییە زیاد دەکات و هەوڵ دەدات تا ئەو شوێنەی کە بۆی دەکرێ لە کۆت و بەندە ئیدئۆلۆژیکەکان خۆی بەدوور بگرێ، یان هەوڵ بدات لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریی کۆمەڵگای کوردستاندا بیانگونجێنێت.

بۆ هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی ئاوەزمەند، ئیدئۆلۆژی و فکرە جوانەکان لە گۆشە و کەناری دونیاوە هەرچەند جوان و پڕمانا بن، ئەگەر نەتوانن کۆمەك بە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەکە بکەن، کارایی و گرنگیی خۆیان لەدەست دەدەن.

دوکتور قاسملوو یەکێك لەو ڕێبەرانە بوو بە باشی سەرنجی ئەم لایەنەی دابوو، ئەو باوەڕی بەوە بوو کە دەبێ هزر و فکرەکان لەگەڵ تایبەتمەندیی کۆمەڵگاکەی خۆمان بگونجێنین تا بتوانن بە باشترین شێوە کاریگەری دابنێن. بەتایبەتی ئەگەر بێت و ناسنامەی سەرەکیی ئەو حیزبە، نەتەوەخوازی و بەرز ڕاگرتنی هەستی نەتەوەیی و ئیرادەی نەتەوەیی بێت. هەر بۆیە دوکتور سەرەڕای هەبوونی باکگراوەندێکی فکریی جیاواز، بەڵام بە سەرنجدان لە ڕەساڵەتی سەرەکیی حیزبی دێموکرات و مانیفێستەکەی توانی ئەو هزر و فکرەی خۆی لەگەڵ تایبەتمەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران بگونجێنێ و بە شاهێدیی مێژوو، گەورەترین کاریگەری دابنێ. هینانە کایەی سۆسیالیزمی دێموکراتیك لەو ئان و ساتەدا و ڕەخنەگریی ئاوەزمەندانەی لە ئاراستەکانی بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان (لە کورتە باسدا) و دەرەنجامەکانیان، ئەوەی دەرخست کە دوکتور بەدوای بەدیهێنانی تێزێکەوەیە کە ئەگەرچی دەشێت سەرچاوەکانی لە دەرەوە بن، بەڵام نامۆش نەبێت بە کۆمەڵگای کوردستان. بەم کارە، دکتور قاسملوو هەم توانی ڕایەڵی پێوەندی لەگەڵ دنیای مرۆڤایەتی بەپێوە بهێڵێتەوە و هەم توانیتی بزووتنەوی نەتەوەیی دێموکراتیك لە داوی ئیدئولۆژییەکی تایبەتی ڕزگار بکات. بە کورتی دەتوانم بڵێم کە دوکتور قاسملوو دەیزانی کە بانگەشەکردن بۆ ژیانێکی مرۆیی و خۆش و ئاسوودە و پڕ لە یەکسانی نابێ وەك ئیدئۆلۆژییەك بدرێت بە خەڵك، چونکە ئەگەر بێتو وەها دەرخواردی خەڵك بدرێت هەر بۆ خۆی دەبێتە سەرەتایەك بۆ چەوساندنەوە، نایەکسانی. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی هەر ئایدۆلۆژیایێك سنووربەندی کردنی نێوان هزرەکان و نەبوونی توانای تێکەڵبوونیان و پێکەوە هەڵنەکردنیانە. ئەمەش دەبێتەوە هۆی چەوساندنەوە و نایەکسانییەکی دیکە. بەگشتی لە ئیدئۆلۆژیدا وانەی سەرەکی ئەوەیە، ئەوەی لەگەڵ من نیە یان دژی منە یان ناتوانم لەگەڵی هەڵکەم.

لێرەوە دەچینەوە نێو باسێکی دیکەوە کە بۆ هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی زۆر گرینگە کە لە هزر و ڕەفتاری دوکتوریشدا زۆر بە جوانی ڕەنگ دەداتەوە و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و هاوبیرانی کردیانە بەشێکی گرنگ لە ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبەکەیان.

لە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیدا ڕادەی بەشداریی بەرفراوانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، گرینگیەکی بنەڕەتیی هەیە. چونکە بە هەمان ئەو ڕادەیە کە ڕادەی بەشداریی زۆر بێت، هەم سەرکەوتن و پێشڤەچوون مسۆگەرتر و زۆرترە و هەم ئاسۆی پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە و ئارام ڕوونتر و ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسیش سەقامگیرتر دەبێ، ئەمە جگە لەوەی کە ناسنامەی بزووتنەوەکە کە وەکوو بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی ناچێتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم ئەرکەش بەوە دەستەبەر دەبێ کە چەند لەنێو ئەو بزووتنەوەیەدا تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان خۆیان دبیننەوە و چەندە فەزایەك ئامادەیە کەوا لە کەسەکان ناکات لەخۆ بێگانە بن. ئەمەش هەم پەیوەستە بە ئیدئۆلۆژیك نەبوون هەم بە ڕادەی ئەو دێموکراسیەوە کە ڕەچاو دەکرێ، ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ یەکەمدایە پێشتر باسمان کرد و هەرچی ئەوەی دووەمیشە دەتوانین لە هزر و ڕەفتاری دوکتوردا بە ئاشکرا ببیینینەوە، دوکتور هەمیشە باسی لە تەمرینی دێموکراسی دەکرد و باوەڕی وا بوو کە ئیمە دەبێ دێموکراسی لە نێوخۆی خۆماندا نەهادینە بکەین، تا هەم ئومێد بدەین بە خەڵك کە دەتوانین کۆمەڵگایەکی دێموکرات بنیات بنێن و هەم واش بکەین کە زۆرترین ڕێژەی خەڵك بە هەر باوەڕ و ئایین و مەزهەبێکەوە بێت جێی خۆیان لە نێو ئیمەدا ببینێتەوە. ئەمەش بۆ خۆی بەهێزکردنی دێموکراسیە، چونکە بانگەشەی هەبوونی دێموکراسی و پێکەوە هەڵکردنی ئاشتیانە لەو شوێنەدا پشتڕاست دەکرێتەوە کە مەجالێك بۆ دەرکەوتن و پێکەوە بوونی ڕەنگە جیاوازەکان هەبێت. تەنانەت باوەڕ هەبوون بە دێموکراسی لە هزر و ئەندیشەی قاسملوودا ئەوەندە دەچێتە پێش کە خەباتێکی سەربەخۆ و جیا و ئازاد دادەنێ. هەر لەم پێوەندیەدا دەڵێ: نابێ خەبات بۆ دێموکراسی بکەوێتە ژێر تەوژمی هیچ خەباتێکی نەتەوەیی یان چینایەتی. هەر ئەم ڕوانینە بۆ دێموکراسی و باوەڕ هەبوون بە دەرکەوتنی ڕەنگە جیاوازەکان بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین ڕێژەی جەماوەر لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆبوونەوە و دواجار هەر ئەم حیزبە بوو بە نوێنەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

دیارە زۆر لایەن و بابەت هەن کە دەتوانین وەك خەسڵەتی دیاری هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی چاویان لێ بکەین و ڕوانگە و هزری دوکتور قاسملوویان لەو بارەوە نیشان بدەین. بەڵام لە هەموان گرینگتر بۆ هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی، یەکەم ڕەچاوکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئەخلاقیاتی نەتەوە ڕەنگدانەوەیان لە بەرنامە و ئەوی تریشیان دروستکردنی تاکەکانی ئەو نەتەوە و خاکەیە بە کۆبوونەوەیان لە دەوری بزووتنەوەکە کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بۆمان دەرکەوت کە شەهید دوکتور قاسملوو چۆن توانیی ئەو هاوسەنگیە بپارێزێت و وەکوو ڕێبەرێك بە سەرنجدان لە پەیام و ڕەساڵەتی یەکەمی حیزبی دێموکرات و ئاڵوگۆڕەکان لە قۆناغەکانی دواتردا، هەم حیزبی دێموکرات خۆشەویستتر و بەپرستیژتر و پێداگرتر و هەم ئاسۆی سەرکەوتن ڕوونتر بکات.

## جووت حەوت

هەوراز

ـ حەمید بەقایی، یەکێك لە جێگرەکانی ئەحمەدی نژاد گووتویە: "بە داخەوە کێبڕکێی درۆ کردن لە ئێراندا دەستی پێکردووە و درۆی زۆری لێ دەکەن."
ماڵتە!!! چۆنت زانی؟!! کێبڕکێی درۆ کردن لە ئێراندا دەستی پێکردووە؟ بەیانیت باش حاجی حەمید!! ئەو کێبڕکێیە لەمێژە دەستی پێ کردبوو. کەی؟؟ هاوکات لەگەڵ یەکەمین ئولەمپیکی یوونانی کەونارا. چوار ساڵ جارێکیش نیە، هەموو ساتێکە. پاڵەوانی بێ ڕکابەریشی پیری جەماران و مەحموودی براتن کە ژمارەی میدالەکانیان لە "مایکل فیلپس و کارل لوویس و ویتالی شەربۆش" تێپەڕیوە. تۆش ئاگات لە خۆت بێ! نەتدزن! زانیارییەکانت دانسقەن حاجی!
ـ میسباح یەزدی گوتوویە: "من لە حەسەن نەسروڵلا بیستم کە لە شەڕی ٣٣ ڕۆژەدا ئیسراییلییەکان هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی حیزبوڵڵا، بەڵام دوای پاشەکشەی حیزبوڵڵا، نەدەهاتنە پێشەوە، کاتێك هۆکارەکەیان لێ پرسین، گوتیان هێندێك پیاوی شمشێر بە دەست بە جلی سپییەوە بەربەرەکانێیان دەکرد."
سەیر ئەوەیە کە میسباح و حەسەن نەسروڵلا و فیرووزئابادی دەڵێن ئەم قسانەیان لە تەلەڤیزیۆنی ئیسراییل بیستووە، بەڵام تا ئێستا کەسی دیکەو بگرە خودی سەربازەکان و بەرپرسی سداوسیمای ئوورشەلیمش نەیانبیستووە و نەیاندیتووە. تەنانەت ئەحمەدی نژادیش نەیبینیوە، ئیتر بزانن ئەمانە لەکوێن کە لە وەهماوی بووندا ڕووی مەحموودیشیان سپی کردووە و بە دۆمینەیەك ١٠١ خاڵیان لێی گرتووە.
ـ ئەحمەد مەرقی، بەرپرسێکی دەفتەری خامنەیی گوتوویە: "ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ڕۆژێ ١٧ سەعات کاری بەکەڵك دەکات و لە وردەکاریی هەموو باس و ڕووداوەکانی وڵات ئاگادارە.
جا دەڵێن مافی مرۆڤ لە ئێراندا پێشێل ناکرێ، هەر بڵێن کرێکار مافیان ناخورێت! ١٧ سەعات کار؟ بۆ پیرەپیاوێك ئەویش بە ئەندامێکی ناتەواوەوە؟ جا دەڵێن بۆ مەلاسەید عەلی بۆتە مەلای گرینۆك؟ بە قەولی ئاغای مەلا حەسەنی کە گوتبووی "هێندەی ئەحمەدی نژاد کار دەکات، ئەگەر لە گوێدرێژ کار بکێشێ، دەتۆپێ". ئەنگۆش بەراستی دەبێ ئاگاتان لە ئاغاتان بێت، بابەگیان! زۆر گوناحە بە خودای! خۆ کەری مزگەوت نیە، بڕێك بارەکەی سووك بکەن بۆ خاتری ڕۆحیانەتی ئیمامی پێشوو! سەقەت دەبێ ئەودەم هەتیو دەکەون!

# ١٨ی پووشپەڕ
# لاپەڕەیەکی دیکە لە بزووتنەوەی خوێندکاری

ناسر ساڵحی ئەسڵ



١٨ی پووشپەڕی هەر ساڵێك وەبیرهێنانەوەی ڕووداوێکە کە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی وەکوو کارەساتی "کووی زانستگای تاران" بۆتە خاڵێکی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی خوێندکاری ئێراندا. پاش تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا هێشتا زۆر لایەنی ئەو ڕووداوە هەر لە تاریکیدا ماوەتەوە. بە وتەی چالاکانی خوێندکاری لە ١٨ی پوشپەڕ، ٥ خوێندکار کوژراون، بەڵام تەنیا کوژرانی عیزەت ئیبراهیم نژاد و بێ سەر و شوێن بوونی سەعید زینالی ڕوون و ئاشکرا بووە. هەروەها لە زانستگاکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت لە زانستگای تەورێز کە لە ڕۆژی ٢٠ پووشپەڕی ئەو ساڵە خوێندکارێکی کچ بە ناوی مۆژگان کوژرا، نارەزایەتی و خۆپێشاندان بەڕێوە چووە.

لە پوشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاویدا خوێندکارانی زانستگاکانی تاران لە بەرانبەر داخستنی ڕۆژنامەی "سەلام" نارەزایەتیی بەرینیان بەڕێوە برد، کە بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ خۆپێشاندان لە شەقامەکانی تاران و بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزە چەکدار و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خامنەییان وەلەرزین خست. هەر بۆیە خامنەیی ڕیاکارانە ناچار بوو بێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و فرمێسکی تیمساح هەڵڕێژێ تا بەسیج و ئیتلاعاتییەکان بۆ سەرکوتی خوێندکارانی ڕاپەڕیو دڵ ڕەقتر بکات. لەلایەکی دیکەوە خاتەمی و دەوڵەتە ڕیفۆرمخوازەکەی زۆری پێنەچوو کە ئەو ڕووەکی دیکەی بە خوێندکاران نیشان دا و لە ڕاستیدا خەنجەریان لە پشتەوە لە بزووتنەوەی خوێندکاری دا و سەرکوتی بێبەزەیانەی ١٨ی پوشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوییان هێنایەدی. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا بزاڤێکی بە تەواو مانا کۆمەڵایەتی، کۆمەڵایەتی نە بە مانای سیاسی نەبوون، بەڵکوو بە مانای خەڵکی بوون و هەڵقوڵاوبوون لە ناخی داخوازییەکانی خەڵکەوە. هەر بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری بووەتە بزاڤێکی خۆشەویست و جێگای متمانەی گەلانی ئێران. لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ڕۆڵی حەسەن ڕووحانی کە ئێستا سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خولی یازدەهەمە و خۆی وەك کەسێکی "میانەڕەو" نیشان دەدا بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران لەم پێوەندییەدا ڕوون بکەینەوە، ١٤ ساڵ لەمەوبەر ناوبراو وەك بەرپرسی شووڕای ئەمنییەتی وڵات لە ١٨ی پوشپەڕی ١٣٧٨دا فەرمانی سەرکوتی خوێندکارانی ڕاپەڕیوی بەهێزە سەرکوتکەرەکانی لیباس شەخسی و ئەمنییەتییەکان دا و بە فەرمانی حەسەن ڕووحانی و کەسانی دیکە، هیزەکانی ڕێژیم بە شێوەی نامرۆڤانە هێرشیان کردە سەر کووی زانستگای تاران و ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە کە بیروڕای ئێران و جیهانی هەژاند و ئێستا بوەتە ڕۆژێکی دیار لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا. سەرەڕای ئەو سەرکوتە بێ بەزییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی خوێندکاری ئێستاش دایناموٚ و هێزی ئاگا و هوشیاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. هەروەها لە ١٨ی پوشپەڕی ئەو ساڵەدا بزووتنەوەی خوێندکاری کورد شان بە شانی خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران زور چالاکانە و بە دانی هەزینەی گیانی پێشەنگی بزاڤی خوێندکاری بوو. لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی خوێندکاریدا زور جار دەسەڵاتدارانی تاران توانیویانە بۆ ماوەیەك خوێندکار و زانستگا سەرکوت و کش و مات بکەن بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری وەك ژیلەمۆ، هەر کات دەرفەت و هەلێکی بۆ ڕەخسابێت دووبارە لە جاران بەگوڕتر دەگەشێتەوە.

# دوکتور قاسملو و ئەخلاقی لە سیاسەتکردندا

عارف وەڵزی

لە ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەگمەنن ئەو سوارچاکانەی کە ڕێبەریی بزووتنەوەیەکی مافخوازانە و پڕ لە قوربانی وەکوو بزووتنەوەی کورد لە دژی ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن و هاوکات، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی سیاسەت و خەباتیاندا، لەکاتی تەنگانە و دەست ئاوەڵاییدا، لەکاتی بێ هێزی و لەوپەڕی هێزدا، لە نێوخۆ و دەرەوەی خاکی خۆیدا، پابەند بێت بە بەها مرۆیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و بەگشتی ڕەچاوکردنی ئەخلاق لە ڕەوتی خەباتی سیاسی خۆیاندا.

د.قاسملوو یەکێك لەو سیاسەتوانە دەگمەنانەیە کە بۆ یەکەم جار لەنێو جووڵانەوەیەکی کوردی و تەنانەت ئێرانیشدا، ئەخلاقی هێنایە نێو سیاسەت و وەك خۆی دەفەرمێ: "یەکەم ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستان و ئێراندایین کە ئەخلاقمان واردی سیاسەت کرد"، بەڵام لە ڕاستیدا هەر خۆی بوو کە پەیوەندیەکی جوان و مرۆڤتەوەری لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا پێکهێنا و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەسەر بنەمای ئازادیی بەیان، دیالۆگ تەوەری، گوتاری ڕوونی سیاسی، ڕاستی و دروستی، پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان، خۆپاراستن لە تیرۆر و توندوتیژی، پاراستنی مافی مرۆڤ لە بەرامبەر مرۆڤ و...هتد داڕشت و لە سەختترین ڕۆژەکانی بەرگری چەکداریدا، پاراستنی ئەم سنوورە ئەخلاقیانەی لەلایەن پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب کردە ئەرك و بڕیار و هەر ئەمەش وایکرد کە، نەك هەر لەلای ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، بەڵکوو لەلای بەرەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و ئێرانی و تەنانەت دونیای دەرەوەش، د.قاسملوو وەکوو سەرکردەیەکی ئاشتیخواز و خاوەن ئەخلاقی سیاسی ناوبانگ پەیدا بکات.

> د.قاسملوو یەکێك لەو سیاسەتوانە دەگمەنانەیە کە بۆ یەکەم جار لەنێو جووڵانەوەیەکی کوردی و تەنانەت ئێرانیشدا، ئەخلاقی هێنایە نێو سیاسەت و وەك خۆی دەفەرمێ: "یەکەم ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستان و ئێراندایین کە ئەخلاقمان واردی سیاسەت کرد"

یەکێك لەو فاکتەرانەی کە دەسەلمێنێ د.قاسملوو جیا لەوەی تا سەر ئیسقان دێموکرات بوو، بەڵکوو وەکوو پرەنسیپێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە باوەڕێکی قوڵی بەوە هەبوو کە دەبێت لە کوردستاندا بەگشتی، بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە بێت، هەر ئەوەش بوو کە پێچەوانەی هەندێك لایەن، سەرەڕای پەیوەندی لەگەڵ زۆر لایەن، قەت لەسەر حیسابی کوردەکانی پارچەیەکی دیکە ئامادە بە درێژەی پەیوەندی نەبوو و لە هەموو قۆناغە پڕ هەوراز و نشێوەکانی خەباتی سیاسی و چەکداریدا سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی حیزبەکەی بەتەواوی پاراست و تەنانەت، ڕۆڵێکی ئەرێنیشی لەمەڕ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەدا دەگێڕا.

هەر بۆیە لە کۆتایدا پێویستە بگوترێ کە ڕوانگەی پڕهەست و مرۆڤتەوەری د.قاسملوو بە نیسبەت تێکەڵاویی سیاسەت و ئەخلاق، یەکێك لەو میراتە گرانبەهایانەیە کە هەنووکەش حیزبی دێموکرات و درێژەدەرانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە، شانازیی پێوە دەکەن و ئەو بیرۆکەیە بە چرای ڕێگای خەباتی خۆیان دەزانن.

# ڕۆڵی خەڵک لە بزووتنەوەدا، لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە

عادڵ مورادی

بێ گومان لە سەرهەڵدان، دەسپێك و بەردەوامبوونی هەر بزووتنەوەیەك، شۆڕش یا حکوومەتێك ڕۆڵی خەڵك لەو پێناوەدا بەرچاوە و نکۆڵیی لێ ناکرێ. بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردیش کە ساڵانێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و مافە ڕەواکانی خۆی کە لە ڕاستیدا داواکاریی کۆمەڵانی هەموو خەڵکە لەم قاعیدەیە بێبەری نەبووە و نیە.

گەلی کورد کە بەردەوام هاوڕێ و پشتیوانی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆی لەم ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوەدا بووە و هەرچەند شۆڕشگێڕانێکی بە بوونی ئاوەوە پەیوەستە، پێویستیی سەرکەوتن و سەرفرازی پێشمەرگەکانیش لە گۆڕەپانی شۆڕش و سیاسەتدا، بوون و پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵکە و ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە تەواوکەری یەکترن". ڕێبەری بلیمەتی گەلی کورد، هەموو کات بۆ ئاگاداربوون لە کێشە و کەموکورییەکانی خەڵك کە لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو بوون، ڕاپۆرتی کۆمیتە شارستانەکانی بە وردی دەخوێندەوە و لێکدانەوەی لەسەر دەکردن و دەیگوت کە دەبێ زانیارییەکی تەواومان لەسەر



بیرمەند و نوخبە وەك دوکتور قاسملوو، پێغەمبەری ئاشتی و مامۆستای دێموکراسی، لە نێو هەر ئەم خەڵکە ستەملێکراوەی کورد هەڵکەوتوون و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەیان، گیانی خۆیان بێ هیچ چاوەڕوانییەك فیدا کردووە.

ئەم ڕێبەرە بلیمەتە، بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شۆڕش و بەردەوامبوونی پەیوەستە بە پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵك و بە ڕای جەنابیان، شۆڕش، بۆ خەڵك و بۆ بەدەستهێنانی مافە بنەڕەتییەکانی ئەوان بە بێ بوونی بەرچاوی خەڵك بە شێوەی جۆراوجۆر لەم شۆڕشەدا بە سەرکەوتن ناگەیەن. دوکتور قاسملوو لە سەر ئەم باوەڕە بوو کە دەبێ شێوازی ڕاست لە پێوەندی لەگەڵ وەزع و هەلومەرجی کوردستان و ناوچە زانیاری تەواو بە خەڵك بدرێت تا بتوانن لێکدانەوەی باشیان لە هەلومەرجەکە ببێت و بە شێوەیەکی جیددی لە شۆڕشی ڕۆڵەکانی خۆیان پشتیوانی هەمەلایەنە بکەن.

دوکتور قاسملوو بە ڕوونی لە کارەکان و وتەکانی بە یەکێك لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی پێوەندییەکی نەپچڕاو لەگەڵ خەڵك دەزانێ و پێویستی ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکان و بەرنامەکان بۆ خەڵك دووپات دەکردەوە کە ئەمە خۆی گرینگی بەرچاوی خەڵك و هەبوونی ئەوان لە شۆڕشدا لە ڕوانگەی ئەم گەورە پیاوەی گۆڕەپانی شۆڕش ئاشکرا دەکات.

گەورە پیاوی مێژووی گەلی کورد، خەڵك و پێشمەرگەی وەك ئاوو ماسی پێناسە کردووە و دەیگوت: "هەر بەو جۆرەی کە ژیانی ماسی ژیانی خەڵك ببێ تا بتوانین کێشەکانی ئەوان بناسین و بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاوی باش هەڵێنین. دوکتور قاسملوو، گرینگی بەرچاوی بە ڕاوبۆچوونەکان و ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە لایەن خەڵکەوە دەگەیشت، دەدا.

لەو ناوچانە کە بە دەستی پێشمەرگە ئازاد دەکران، بۆ بەشداریی خەڵك لە کاروباری خۆیاندا شورای شار یا دێ دەستی بەکار دەکرد. بە شێوەیەك کە ئیسلاحاتی ئەرزی و دابەشکردنی زەوی، زمانی کوردی لە خوێندنگەکان و دروستکردنی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە یەکەم کردەوە بنەڕەتییەکانی حیزب لەم ناوچانە بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی کە ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵی خەڵك لە سەرهەڵدان، دەستپێك و بەردەوامی هەر شۆڕشێك بێ ئەملاوئەولایە. لە ڕاستیدا خەڵك یەکێك لە پایەکانی هەر شۆڕشێکن کە بە بێ بوونی ئەوان بە ئاکام ناگات و لە ئەگەری گەیشتن بە هێندێك لە ئامانجەکانی شۆڕش، لە درێژەدا بەلاڕێدا دەڕوات و لە ڕێگەی ڕاستی خۆی لادەدات.

لە کۆتاییدا، بە پەیامێك لە ڕێبەری شەهیدمان کە لە هەموو کاتێکدا پڕنێوەرۆکە، وتەکانم کورت دەکەمەوە کە دەڵێ: "پەیامی من بۆ خەڵکی کوردستان ئەمەیە کە وەکوو هەمیشە، پشتیوانی ئەندامانی حیزب و پێشمەرگەکان بن و ئاگاداری ئەوان بن، چوون دەزانن کە حیزبی دێموکرات بۆ ئازادی و بەختەوەری ئەوان شۆڕش دەکات".

# دوکتور قاسملوو واقیعگەرای ڕاستەقینە لە پرسی مافەکانی ژناندا

چەکۆ ئەحمەدی



ئەو کەسانەی توانیویانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە دڵی کۆمەڵێك مرۆڤدا بمێننەوە و ببنە سیمبولی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی، زۆر کەم و دەگمەن بوون. ئەو نەتەوانەی کەوا ڕێبەرێکی ڕاستەقینە و کاریزما و شۆڕشگێڕیان بووە، زۆرتر ئەوانەن کەوا هەر یەکە و بە شێوازێك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان خەباتیان کردووە. لە هیندووستان ماهاتما گاندی، لە ئافریقا نێلسۆن ماندێلا، لە ئامریکا مارتین لۆتێرکینگ و لە کوردستان شەهید دوکتور قاسملوو نموونەی ئەو ڕێبەرە کاریزما و شۆڕشگێڕانەن.

هەموو ئەم ڕێبەرانە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەبووە و ئەو تایبەتمەندییەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگا وەك خۆی ببینن و ئەویش واقیعگەرابوونیانە. لەم ڕەوتەدا کۆمەڵێك پرسی گرینگیان پێڕەو کردووە و یەك لەوان مافی ژنانە کە لە ڕاستیدا یەکێك لە گرینگترین پرسەکانی هەمیشەیی مرۆڤایەتی بووە و هەیە.

لەوانەیە شەهید دوکتور قاسملوو بانگەشەی ئەوەی نەکردبێت کە فیمینیستە، بەڵام ئەوەی لە کردەوە، گوتار و وتارەکانیدا بەدی دەکرێ، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە شەهیدی نەمر بە هەر شێوەیەکی مومکین لە هەوڵی گەشەپێدان و بەرینکردنەوەی بیری یەکسانیخوازی و مافی بەرابەری پیاوان و ژناندا بووە و لەو بارەوە شێلگیرانە تێکۆشاوە.

هەموو ئەو بەڵگە و دێکۆمێنتانەی لەبەردەستدان، بۆمانی ڕوون دەکەنەوە کە شەهید دوکتور قاسملوو پشتیوانێکی ڕاستەقینەی ژنان بووە و بەردەوام بە هەر شێوازێك و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی کرابێت هاندەری ژنان بووە بۆ ئەوەی زۆرتر گەشە بکەن و زۆرتر لە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا بن.

ئەو ڕاستیەی کە شەهیدی نەمر عاشقی سروشت بووە حاشاهەڵنەگرە و کەسانێکی زۆر شاهیدی ئەم وتەیەن، شەهید دوکتور قاسملوو لە ڕووی ئەو زانیاری و زانستانەوە بوو کە تا ئەو ڕادە بەرزە هەوڵی دەدا پرسی مافەکانی ژنان بوروژێنێت، چونکە ئەم ڕاستییە کە ژن و سروشت دوو چەمکی وێکچوو و هاوشێوەی یەکن، لە لای ئەو زۆر ڕوون بوو. ئەو دەیزانی کە بە بێ ئەکتیڤ بوونی ژنان، دیسانەوە کۆمەڵگا تووشی گرفت دەبێت و تا پرسی ژنان بە یەکجاری چارەسەر نەکرێ، کۆمەڵگا ناتوانێت بە ئاسوودەیی و بێ گرفت ڕەوتی مێژوو ببڕێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرینگ دێتە گۆڕ کە گەلۆ، لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە پێویست بوو کە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بەپێی ئەو پێوەرانە بێت کە لە ڕاستیدا لە لایەن پیاوانەوە دیاری کراوە یان پێی وابوو کە دەبێ قامك لە سەر جیاوازییەکانی نێوانیان دابنرێت و بۆ زۆرتر گەشەپێدانی تایبەتمەندییەکانی ژنان هەوڵ بدرێت کە تا هەنووکە بە چڕی سەرکوت کراون؟

بێ گومان و بە لەبەرچاوگرتنی هزری واقیعگەرایانەی شەهید دوکتور قاسملوو، دەبێ بزانین کە بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا دوور لە دروشم و سیاسەتکردن و دەستەبەرکردنی قازانج و بەرژەوەندیی حیزبی و تاکەکەسی، بۆ هەرچی زیاتر باوەڕبەخۆبوون و ناسینی "خود" لە لای ژنانەوە یارمەتیدەر بێت و لەو ڕێگا دوور و پڕ لە کەند و کۆسپەدا پشتیوانی ڕاستەقینەیان بێت. کەواتە ئەو ژنی وەك ژن چاو لێ دەکرد و خوازیاری ئەوە نەبوو ژن وەك پیاوی لێ بێت، بەڵکوو گەشەی هەرچی زۆرتری ژنان ئامانج و باوەڕی ڕاستەقینەی ڕێبەری هەرگیز نەمرمان بوو.

# قاسملوو، چوار پرسیار

ئاسۆ ساڵح

**شەهید قاسملوو لەو باوەڕەدا بووە کە میدیاکانی ئێران (دەرەوەی کوردستان) بارودۆخی کوردستان و داخوازییەکانی خەڵکی کورد بە روونی ناگوازنەوە. بۆیە بۆ وێنە لە دانووستانی ١٤ی مانگی یەکی ٥٨ و ١٩ی ٤ی ٥٨دا، دوکتور قاسملوو چەندین جار داوا دەکات لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێران کاتێکی پێ بدەن کە لەگەڵ خەڵك قسە بکات**

لەم وتارە کورتەدا هەوڵ دەدرێت بە کەڵکوەرگرتن لە هەندێ نووسراوە و وتوویژی دوکتور قاسملوو لە گۆڤارە جۆراوجۆرەکان، ئاماژە بە روانینی ناوبراو لەمەڕ ٤ بابەتی گرینگ و سیاسیەتی حیزبی دێموکرات بکرێت.

**١- بۆچی سوسیالیزمی دێموکراتیك لە نێو حیزبی دێموکرات؟**

لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبدا هاتووە: "لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر لەسەر بنەمای یەکسانیی کۆمەڵایەتی، ئامانجێکی نەگۆڕە. بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە، حیزبی دێموکرات، سوسیالیزمی دێموکراتیکی وەکوو ئامانجی دوارۆژ دیاری کردوە".

دوکتور قاسملوو لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە لە حاڵێکدا حیزبی دێموکرات، حیزبێکی تایبەتی چینی کرێکار نیە، بۆچی باسی سوسیالیزم دەکات، دەڵێ: پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە حیزبی دێموکرات ئەگەرچی حیزبێکی نەتەوەییە، بەڵام دەیهەوێ لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی گەلەکەمان، کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش چارەسەر بکات.

دوکتور قاسملوو کە شارەزایەتی تەواوی لەسەر مێژووی خەباتی کوردستان و گەلانی بندەست هەبووە، هێما بۆ ئەوە دەکات کە مێژوو پیشانی داوە کە ئەگەر حیزبێك تەنیا و تەنیا حیزبێکی ناسیۆناڵیست بێت، واتە تەنیا چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لەبەرچاو بگرێت، دەگاتە ئەو شوێنەی کە ناتوانێت کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکات و بۆیە پێکهێنانی مافە نەتەوەییەکان بێ فایدە دەکات.

بۆیە هەر بەپێی مانای "سوسیالیزم"، واتە نەمانی کۆیلەیی مرۆڤ بە دەست مرۆڤ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیهەوێ ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییە بنبڕ بکات.

**٢- بۆچی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پشتیوانیی لە رێژیم کرد؟**

ئەگەر مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بخوێنینەوە، دەبینین ئەم حیزبە هاوکات لەگەڵ پشتیوانی لە رێژیمی تازە هاتووە سەرکاری پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، بەڵام لە هەمان کاتدا ریفراندۆم بۆ دەنگدان بە "کۆماری ئیسلامی" بایکۆت دەکات. یان پاش شەڕی ٣ مانگە لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ نوێنەرانی ئەو رێژیمە دانوستان دەکات. ئەم سیاسەتەی حیزبی دێموکرات لەو کات و ساتەدا کە کەشی سیاسیی ئێران زۆر ئاڵۆز بوو، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. واتە حیزبی دێموکرات، وەکوو حیزبێك کە پشتیوانیی زۆری خەڵکی لەگەڵ بووە، بە باشترین شێوە و بە بێ هیچ ترسێك، تاکتیکی خەباتی خۆی بەردەوام گۆڕیوە.

وەڵامی دوکتور قاسملوو بۆ ئەم پرسە بەم شێوەیە: "هەر حیزبێکی سیاسی سێ جۆرە دروشمی هەیە، یەکەم دروشمی رۆژە کە سەبارەت بە پرسی رۆژ لە مێقیاسی چکۆلە دەبێت، بۆ وێنە ئەگەر لە شارێك نان یان نەوت کەم بێت، دەتوانین خەڵك هان بدەین کە لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە و رێپێوان بکەن و خوازیاری نان یا نەوت بن. دووهەمین دروشم، دروشمی تاکتیکیە. ئەگەر چاو لە خەباتی حیزب بکەین دەبینین کە پاش شۆڕشی ئێران، چەندین تاکتیکی گۆڕیوە. سەرەتا تاکتیکی ئێمە هاوکاری لەگەڵ رێژیمێك بوو کە پاش شۆڕش دەسەڵاتی بەدەست گرتبوو. ئێمە لە رێبەریی خۆمەینی و رێژیمەکەی پشتیوانیمان دەکرد و باسی شەڕی چەکداری لە ئارادا نەبوو. لە شەڕی سێ مانگە، شەڕی چەکداریمان دژی رێژیمی خۆمەینی دەست پێکرد کە لە واقیعدا ئەم شێوە خەباتە لە لایەن رێژیمەوە بە سەر ئێمەدا سەپێندرابوو. پاش شەڕی سێ مانگە جارێکی دیکە تاکتیکی خۆمانمان گۆڕی، بەڵام ئەمجارە بە جێی پشتیوانی لە رێژیمی خۆمەینی، لە پێناو دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لەگەڵ دەوڵەت دانووستانمان کرد. تاکتیکی "دانووستان"یش زۆر درێژەی نەکێشا، بۆیە شەڕی چەکداری جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە. بەڵام تاکتیکی شەڕی چەکداری ئەمڕۆ لەگەڵ تاکتیکی شەڕی چەکداری شەڕی سێ مانگە جیاوازیی هەیە، لەو کاتەدا ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی رێژیم ناچار بکەین لەگەڵمان دانووستان بکات، بەڵام ئێستا شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی رێژیم بڕوخێنین. چوون بە بڕوای ئێمە لە چوارچێوەی رێژیمی خۆمەینیدا، هیچکام لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران بەدی نایێت..."

**٣- بۆچی قاسملوو هەوڵی دەدا لە میدیاکانی رێژیم راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ئێران قسە بکات؟**

لە ناو دەقی وتەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ نوێنەرانی رێژیم و وتوویژەکانی لەگەڵ رۆژنامەکانی ئێران و کوردستان، خاڵێك کە لەوانەیە ئەوکات کەمتر بەرچاو کەوتبێت، پێداگریی دوکتور قاسملوو بووە بۆ وتوویژی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ئێران لە نێو رادیۆ و تەلەڤزیۆندا. ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆ و بە دیتنی کاریگەریی ئەم سیاسەتەی رێژیم بەسەر بەشێك لە خەڵك و ئۆپۆزیسیۆن بە روونی دیارە کە بۆچی بووە!

شەهید قاسملوو لەو باوەڕەدا بووە کە میدیاکانی ئێران (دەرەوەی کوردستان) بارودۆخی کوردستان و داخوازییەکانی خەڵکی کورد بە روونی ناگوازنەوە، بۆیە بۆ وێنە لە دانووستانی ١٤ی مانگی یەکی ٥٨ و ١٩ی ٤ی ٥٨دا، دوکتور قاسملوو چەندین جار داوا دەکات لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێران کاتێکی پێ بدەن کە لەگەڵ خەڵك قسە بکات. ئەو مەسەلە ئەوەندە قووڵ دەبێتەوە کە رۆژی ٢٠ی ٤ی ١٣٥٨، لە چەند شاری کوردستان دژ بە "چەواشەکارییەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن" و "بە درۆ گواستنەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کورد"، خۆپیشاندان دەکرێت. ئەم مەسەلەیە بەڵام هەر درێژەی دەبێت. دوکتور قاسملوو لە رێکەوتی ١٣ی مانگی یەکی ١٣٥٩دا نامەیەکی راستەوخۆ بۆ دەنگ و رەنگی (صدا و سیما)ی کۆماری ئیسلامی دەنوسێ و ئامادەیی حیزبی دێموکرات بۆ وتوویژ و مۆنازێرە لەمەڕ مەسەلەی کوردستان دەردەبڕێت.

دوکتور قاسملوو هیچکات وەڵامی نامەکەی نەگرتەوە. دەنگ و رەنگی ئێران ئێستاش درێژە بەم چەواشەکاریە دەدات.

**٤- بۆچی شەهید قاسملوو گرینگی بە "پێشمەرگە" دەدات؟**

دوکتور قاسملوو لە دانیشتنەکانی خۆی لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی رۆژئاوایی، زۆر هەوڵی داوە کە باسی هێزی پێشمەرگە بکات. یەکێك لەو خاڵانەی کە لە سەنەدەکەی "ویکی لیکس" هاتبوو ئەوە بوو کە باسی هێزی ١٢٠٠٠ کەسیی پێشمەرگەی کردووە. (ئەم هێزە ئەو کاتە گەورەترین هێزی چریکی جیهان بووە، بۆیە باسکردن لە تاکتیکی "رووخانی رێژیم" زۆر ئەمرێکی مومکین بووە.) تەنانەت لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، "پێشمەرگە" وەکوو یەکێك لە خاڵە جیاوازەکانی حیزب لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ناو دەبات.

دوکتور قاسملوو لە وتووێژێك لەگەڵ مەجەلەی "پیشگام" بەمجۆرە پێشمەرگە پێناسە دەکات: "پێشمەرگە بەر لە هەر شتێك پێویستە فەردێکی "ئاگا" بێت، واتە بزانێت کە بۆچی شەڕ دەکات و ئامانجی چیە، ئەمە جیاوازیی سەرەکی پێشمەرگە و هێزەکانی بەرانبەریە. دووهەم، پێشمەرگە دەبێ دیسیپلینی هەبێ. پێشمەرگە نابێ بە بێ زانیاری هیچ شتێك قەبووڵ بکات. پێشمەرگە دەبێت سەوادی هەبێت. هەندێ پێشمەرگە لە ریزی حیزبدا هەن کە پاش ٦ مانگ، هێشتا سەوادیان نیە، ئەمە بۆ ئێمە جێی شەرمە. رەفتاری پێشمەرگە بە جۆرێکە کە هەموو خەڵك باوەڕیان پێیان هەیە و بە روونی نیشان دەدەن کە لە نێوان ئەوان و ژاندارم و پۆلیسدا جیاوازیی هەیە..."

زۆربەی ئەو کەسانەی لە نزیکەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو بوون، لەسەر شەفافبوونی ناوبراو لەگەڵ پێشمەرگە دەدوێن. مۆتەلێب حەریقی کە لە دەفتەری بەغداد ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوە دەبرد دەڵێ: جارێك کە جەلال تاڵەبانی سەردانی ئەوێی کرد، من ژوورەکەم بەجێ هێشت و رۆیشتمە دەرەوە، دوکتور قاسملوو هات بە شوێنمدا و وتی کە وەرەوە نێو ژوورەکە. منیش وتم کە ئێوە دوو رێبەرن، رەنگە هەندێ شتتان هەبێ کە من وەکوو پێشمەرگەیەکی سادە نەزانم باشتر بێت. دوکتوریش وتی من هیچ شتێکم نیە کە لە پێشمەرگەکانی حیزبەکەم بیشارمەوە، بۆیە وەرەوە ناو ژوورەکە و لەگەڵمان دانیشە.

رەنگە رەمزی سەرکەوتنی قاسملوو بۆ پێکهێنانی ئەو هێزە ١٢٠٠٠ کەسیە لە پێشمەرگە، گرینگیدانی بەم بەشە هەستیارە لە حیزب بووە.

# یادی شەهیدی سەرکردە کاک سەید سەلامی عەزیزی

موعتەسەم نوورانی

رۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ئەوساڵ، ١٤ ساڵ بەسەر کۆچی نابەوەختی کاك سەلامی عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیدا تێدەپەڕێ. کاك سەلام یەکێك لەو ئەندامانەی رێبەرایەتی بوو کە بە تێکۆشان، ئیمانی پۆڵایین و ئینێرژیی لەبڕان نەهاتووی زۆر زوو توانی پلەکانی تەشکیلاتی ببڕێ و بگاتە ئەندامەتی دەفتەری سیاسی. هەم لە بواری سیاسی، هەم لە بواری کۆمەڵایەتی و هەم لە بواری مودیرییەتدا وەك سەرکردەیەکی پراگماتیك و خاوەن ئەزموون و هەڵکەوتوو لە مەیدانی تێکۆشاندا دەرکەوێ.

رەنگە ئەگەر کەسێك شارەزای ژیانی کاك سەلام نەبووبێ، نازانێ کە کاك سەلام لە ماڵی دونیا، لە وەزعی ژیان، لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتیدا هیچ شتێکی کەم نەبوو، ئەو دادوەر و بەرپرسی دادگای شارستانێك بوو، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی خەڵك بوو. لە هەمان کاتدا بەرپرسایەتییەکی بەرزی حکومەتیشی هەبوو. ئەو دەیزانی ئەگەر لەو پلە و پایەی حکوومەتییەدا بمێنێتەوە دەبێ بڕیاراتی چەوت و دواکەوتوانەی رێژیمی ئاخوندی بەسەر رۆڵەکانی گەلی کورددا بسەپێنێ. بە ئیرادەی شۆڕشگێرانەی وازی لە هەموو ئەوانە هێناو رێگای خزمەت بە نەتەوەکەی هەڵبژارد و هاتە مەیدانی خەبات.

لێهاتوویی، ماندوونەناسی، کار و تێکۆشانی بەردەوامی ئەو تێکۆشەرە نەمرە بوو بە هۆی ئەوە کە لە بەشێکی زۆری ئۆرگانەکانی حیزبدا هەر لە کۆمیتەی شارستانەوە بگەرە تا پێوەندییەکانی دەرەوە و کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەر سیاسی، بەرپرسایەتیی حیزبیی پێ ئەسپێردرا و لە بەڕێوەبەریی ئەرکەکانیدا بەرانبەر بە حیزبەکەی و نەتەوەکەی سەربەرز هاتەدەر و بوو بە رێبەرێکی موودیر، ریئالیست و زۆرن ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری دڵسۆزیی و بەتوانایی کاك سەلام بوون، کادر و پێشمەرگەکان کە بۆ کاری حیزبی سەردانیان دەکرد بە شێوەیەکی لۆجیك راشناڵ قسەی لەگەڵ دەکردن هەوڵی دەدا لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی بەرخوردی ئوسوولی و دۆستانە بکا، سەرورووخۆش و مەجلیس خۆشیی ئەو، وزە و توانای دەدا بە هاوکارانی. لە کاری حیزبیدا ماندوو نەدەبوو و زۆرجار سەعات ١ و ٢ی شەوێ یان بەری بەیانی سەردانی بنکە و مەقەڕەکانی دەکرد. لەگەڵ ئەوەی سەرکردەیەکی سیاسی بوو شارەزایەکی بەرچاوی نیزامییش بوو کە پێشمەرگەکان پرێسکەی دڵیان لەلای دەکردەوە.

کاك سەلام لە ماوەی ٢٠ ساڵ تێکۆشان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببووە کەسایەتییەکی بەرز و جێگای متمانە، لە باری سیاسی و فیکرییەوە پێ گەیشتبوو، خاوەن بەهرە و قەڵەم بوو، کتێبی "سەفەری بێ گەڕانەوە"ی نووسی و چەند بەرهەمی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی دیکەی لە بەردەست بوو، بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە تەواویان بکا. روحی کاك سەید سەلام عەزیزی و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری شاد و ئاواتی بەرزیان وەدی بێ.



**کاك سەلام لە ماوەی ٢٠ ساڵ تێکۆشان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببووە کەسایەتییەکی بەرز و جێگای متمانە، لە باری سیاسی و فیکرییەوە پێگەیشتبوو، خاوەن بەهرە و قەڵەم بوو**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 609 ▪ 22 jul 2013



ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


